# پاكتاوى رەگەزى
# لەنێوان ساڵەكانى ٢٠٠٠و
# ٢٠٠١دا
# و
# هەوڵە هەنووكەييەكان بۆ
# بەرەنگاربوونەوەى


**نوسين وئامادەكردنى**

**دلێر سەليم**



**ناوى كتيب** : پاكتاوى رەگەزى لەنێوان ساڵەكانى ٢٠٠٠و ٢٠٠١ دا و هەوڵە هەنووكەييەكان بۆ بەرەنگاربوونەوەى .

**ناوى نوسەر**:دلێر سەليم

**بابەت** :مێژوويى

**چاپ**: سەنتەرى چاپ و پەخشى تەما

**چاپى يەكەم** :سلێمانى ٢٠٠٢

**كارى كومپيوتر**:صلاح الدين عوسمان

**بەرگ ومونتاژ**:محەمەد شريف ئابلاخى

**تيراژ**:٥٠٠ دانە

**ژمارەى سپاردن** : (٢٤٨) ى ساڵى ٢٠٠٢ ى وزارەتى رۆشنبيرى پێدراوە


**تێبينى**

زۆربەى بابەتەكانى دووتوێ ى ئەم ناميلكەيە لە رۆژنامەى كوردستانى نوێ بڵاو كراوەتەوە...

* زۆر سوپاسی بەرێز کاك عومەر فەتاح و رێکخستنەکانی ناوەوە دەکەین ئەرکی بە چاپگەیاندنی ئەم نامیلکەیەی گرتە ئەستۆ.

* زۆر سوپاسی بەرێز کاك جەبار یاوەر دەکەین ئەرکی پێداچونەوەی گرتەئەستۆ .

* هەموو زانیاریەکان لەرێگای کۆمەڵەی بەرەنگاربونەوەی پاکتاوی رەگەزی لەشاری کەرکوك گەیشتۆتەدەستمان

## پێشکەشە

- بەهەموو ئاوارە خۆڕاگرەکانی دانیشتوی کوردستان.
- بەهەموو ئەو کۆمەڵە و سەنتەرو گروپ و دەستەو کەسانەی لەخزمەتی بەرنگاربوونەوەی پاکتاوی رەگەزی کاردەکەن .

# پێشەكی

لەساڵانی رابردوودا چی بەشـێوەی نامیلكـەو كتێـب و چـی بەشـێوەی بابـەت نوسین لەرۆژنامەو گۆڤارەكان زۆر لەسەر پاكتاوی رەگەزی كوردان نوسـراوە ، كەم تازۆر رۆلی كاریگەری هەبووە لەهەلمالینی رووی دزێوی ئەم سیاسـەتە نەگریسەی رژێمە یەك لـەدوای یەكـەكانی عێـراق هـەروەها توانیویـەتی زیـاتر هاوڵاتی كورد لەمەترسی ئەم سیاسەتە ئاگاداربكاتەوە ، ئەوەی لـەم كتێبـەدا دەمەوێت بیخەمە پێش چاو نەمێژووی پاكتاوی رەگەزیـە و نەمێـژووی شـاری كەركوكـە وەهـەروەها نـەم ویسـتوە ئـەوەی نوسـراوە دوبـارەی بكەمـەوە ویستومە زیاتربەشێوەیەكی ئەكادیمیانە گشت بریـارو هەولـەكانی حكومـەتی عێراقی لەماوەی هەردووسالی (٢٠٠٠و ٢٠٠١) ی لەمەر پاكتـاوكردنی رەگـەزی گـەلی كـورد لەناوچـەكانی ژێـر دەسـەلاتی بخەمـە روو ، تـابتوانرێ گشـت رۆشنیران و دلسـۆزانی كـەركوك ناوچـەكانی تـری ژێـر دەسـەڵاتی حكومـەتی عێراقی سوودی لێ ببین .

بەڵام هەرچی بنوسرێ وبوترێ و بكرێ هێشتا هەركەمە دەرهـەق بـەو كـارە دژە مرۆیانـەی رژێمـە یـەك لـەدوای یەكـەكانی عێـراق كردویانـە و دەیكـەن دەرهەق بە دانیشتوانی ئەو شارە بەڵام رژێمی ئێستایی عێراقی زیاد لەگشت رژێمەكانی پێشوی خۆی بە هەلگری پەیامی بەعەرەب كردنی شاری كـەركوك وناوچـە كوردیـەكانی تـری ژێردەسـەلاتی دەزانێـت و پرۆسـەی راگواسـتن و بەعەرب كردنی كردۆتە سـتراتیجی حكومەتەكـەی و پارتەكـەی وەبـەردەوام بوونی لەو كارە بەسـەركەوتنی گـەورەی زانیـوە ، پـێ ی سـتەم بـووە رێگـا بدرێت دەستی تێوەربدرێت یان پشت گوێ بخرێت لەهـەچ بارودۆخێـك بێـت





بەدرێژایی ساڵانی حەفتاكان و هەشتاكان ولەماوەی هـەردوو شـەری (عێـراق – ئێران) و (عێراق – وڵاتە هاوپەیمانەكان ) پاش ئەویش وبەدرێژایی سـاڵانی دوای راپەرین لەگەل

ئـەو هەمووبارەناهـەموارەی گـوزەرانی ژیـانی هاوڵاتیـان و چـۆنیەتی پەیداكردنی داهاتی رۆژانەیان ئەو بۆ سـاتێكیش پرۆسـەی بەعـەرەب كردنـی گشت شارو شارۆچكەكانی بەگشتی و شـاری كـەركوك بەتایبـەتی فـەرامۆش نەكردوە ، هەموو ساڵێكیش چەندین نەخشـەو پیلانـی جۆراوجـۆری نـوێ ی دارشتوە بۆ ئەو مەبەستە ، هەرچەندە سەرپێچی كردنی ئاشكرای بەندەكانی جارنامـەی گـەردوونی مـافی مرۆڤـە كەتێیـدا هـاتووە( هـەموو هاوڵاتیـەك سەربەسـتە لەهەڵبـژاردنی شـوێن وجێگـای ژیـانی خـۆی )كەچـی ئێمـەی نیشـتەجێ ی زێـدی باوباپیرانمـان بـەپی رەچـاو كردنـی هـیچ یاسـایەك رادەگوێزێین و مێژوومان دەشێوێندرێت نەساڵ ونەسەدەونە هـەزارەی نـوێ و نەبەجیهانیبوون (عەولەمە) نـەیتوانیوە رێ لـە راگواسـتن وبەعـەرەب كردنـی دانشتوانی شاری كەركوك بگرن.

**نوسەر**

**دلێر سەلیم**

**ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری**

**كۆمەلەی بەرەنگار بونەوەی پاكتاوی رەگەزی**

**لەشاری كەركوك**

# وەك پێشەكی

ئەگەر قورسایی بخەینە سەرزمان بمانەوێت بەسادەیی گوزارشت لەو بنیادە ناشیرینەی بەرامبەر ( بەعس) بکەین دەکرێت بڵێین ( بەعس قوتابخانەی داهێنانی شەڕی ترسناك ... پەروەردەکاری جەللادی دوارۆژەکانی سەدەی بیستەم ... داهێنەری درندەی بەناو مرۆڤی مرۆڤ خۆر... ئەو بەعسەی لەسەرەتایی دروستبونیەوە تاکو ئێستا خەریکی هۆنینەوەو چنینی تۆری مرۆڤ خۆریی بەگشتی کورد خۆری بەتایبەتی ...کەبەدەر لەسیاسەتە دژ بە مرۆڤایەتیەکان بۆساتێکیش بیری لەبچوکترین خزمەتگوزاری بۆسروشت و مرۆڤ نەکردۆتەوە، راستە کەبەرنامە دارێژرا لەنێو چوارچێوەی پەیرەو و پرۆگرامدا ئانگێگ ناهێلرێتەوە بۆ تەنها باس کردن لەخزمەتگوزاری مرۆڤ و شروست ، ئەمەیان وەك گوتمان بۆنوسین و چاو بەستەکێ بەلآم لەبواری پراکتیکدا سەراپا نوقمی تاوان و شەر دۆستی و کوشت و برو وێرانکاریە .

ئەمە پەیامی ئەو حیزبەیە کە بۆماوەی (٣٤) ساڵە تەفعیلی دەسەلاتی خۆی و بۆساتێکێش بیری لەچاکەخوازی و ئاشتی پێکەوە ژیان نەکردۆتەوە.

راستە سیاسەتی تەعریب و تەرحیل لەدایکبوی سەردەمانێکی پێش لەدایك بوونی حزبی بەعسە ، بەلآم لەگەل دەسەلات گرتنە دەستی حیزبی بەعس بەکودەتایەکی سەربازی لەسالی (١٩٦٨) دا ،ئەو گیانی شۆڤینی عەرەبی خود پەرستییە زیاتر گوشایەوە بالآی کرد.

ئەگەر پێناسەیەکی ئەو سیاسەتە چەوتە ( تەعریب و تەرحیل ) بکەین دەلێین (بەمەبەستی سرینەوەی ئاسەواری زێدی کوردان و گواستنەوەی





کوردان لەزێدی باو باپیرانیان ، بەئامانجی نیشتە جێکردنی غەیرەنەتەوە لەشوێنو جێیان و توانەوەی کوردان لەبۆتەی نەتەوەی سەردەست و لێلّ داهێنانی ئومێدی گەرانەوە و کوێرکردنەوەی سەرجەم خەسلەتە رەسەنەکانی نەتەوەی کورد) .

کەواتە ئەو سیاسەتە دووئامانجی سەرەکیی لەیەك خالدا چرکردۆتەوەو بەمەبەستی بەبەردێك دوو چۆلەگە بپێکیت ، کەئەوانیش دەرکردنی کورد لەشوێن و رێ و جێی خۆیان بۆ شوێن وخاکی غەریبی لەغوربەتدا وپاشان هێنان و نیشتەجێکردنی غەیرە کورد ( عەرەبی هاوردە) بۆ شوێن و جێگەی کوردان و بەعەرەبکردنی ئەو شوێنە کە لە مێژ سالە کورد جێ بەنجەی بەژیان و بوژانەوەی خاکەکەیەوە دیار وبەرچاوە.

ئەو سیاسەتە ، ئەگەر ورد بکرێتەوە گەلێگ جۆراو جۆر و هەمەرەنگە ، بەلآم ئەوەی روون ودیارە درێژەدانی داگیرکاری و زەوتکردنی خاك و ئاوی کوردان و پەرتەوازەیی کورد و تواناوبیرو هزرو هێزیەتی ، کەئەمەش لەستراتیژی هەموو داگیرکەراندا ئامانجی دورو نزیکە .

ئەم نامیلکەیەی هەڤال( دلێر سەلیم ) کە لەکۆمەلێك وتاری جیاجیای روونکردنەوەی یەك ئامانج ، کەئەویش وەکو خۆی نیشاندانی رووی راستیی ئەو سیاسەتە قێزەوونە دژ بە مرۆڤایەتییەیە کەپشت بەستوو بەچەندین بەلگە نامەو دۆکیومەنتی زیندووی دەزگا سەرکوتکەرەکانی حیزبی بەعسە و پێناسەیەکی گشتگیریی سەرجەم بالەکانی ( تەرحیل و تەعریب و تەهجیر و تەبعیسە) ە.

هەولەكانی هەڤال دلێر ئەگەر سەرەتاش بێت بەلام جێگەی تێرامان و هەلوەستەكردن و دەستگوشینێتی لەبری ئەو ئەرك و ماندوو بوونەی بەهیوای هەولی گەورتر و بەپیت تر، هەربۆیە كۆمەلەكەمان بەئەركی سەرشانی خۆی زانی كە ئەرگی بەبەرهەم هێنانی بلاو كردنەوەی ئەم نامیلكە بەسوودە بگرێتە ئەستۆی خۆی ، ئەویش زیاتر لە كۆكردنەوەی زانیاری و یارمەتی دانی نوسەر بۆ دلنیابوون لەزانیاریەكان خۆی دەبینێ ....

بەئومێدی گەرانەوەی یەكجارەكی و سرینەوەی سیاسەتە چەوتەكانی حیزبی بەعس لەهەموو ئەو شار و شارۆچكانەی ئەو دەستەچەپەلانەی ( تەعریب و تەرحیل) ی پێگەیشتووە ... بەهیوای شادبوونەوەو پێكەوە ژیانێكی ئازادانە لەعێراقێكی یەكگرتووی فیدرالدا .

**كۆمەلەی بەرەنگاربوونەوەی پاكتاوی رەگەزی**

**لەشاری كەركوك**

**٢٠٠٢/٦/٢٠**



پاكتاو كردنی رەگەزی لە نێوان سالانی ٢٠٠٠- ٢٠٠١

## بەشی یەکەم

# سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی







## یەكەم :سیاسەتی پاكتاوی ڕەگەزی

(١)

## كردنەوەی ئۆردوگای عەرەب نشین لەناوچە كوردیەكان

هەرلەسەرەتایی دەسەلات گرتنە دەست لەلایەن حزبی بەعسەوە لە عێراق بەردەوام لە هەوڵدان بووە بۆ تەعریب كردنی شاری كەركوك ، بۆ هەرقۆناغێك بەرنامەی تایبەتی خۆیان هەبووە ، دواتریان كەئێمە مەبەستمانە لێرەباسی لێوە بكەین بەپێ ی ئەم قۆناغەی ئێستا عێراقی تێ دەپەرێ بەتایبەت لەناوەراستی ساڵی ١٩٩٨ وە وەك زەرورەتێكی ئەمنی دەستی كردووەبە كردنەوەی ئۆردوگای عەرەب نشین لە چواردەوری قەزای كەركوك ناوی لێنراوە پشتێنەی ئەمنی شاری كەركوك ( الحزام الامني لمدينة كركوك ) وە هەمووئەم ئۆردوگایانە لە سنور ناوچەی بەناوقەدەغەكراوە(المنطقة المحرمة ).

وەبۆ ئەو مەبەستە لەبەرواری ١٩٩٨/٥/٢٠ ( لجنة تنظيم الشمال)كۆبونەوەیەكی بەست لەبارەگای خۆی لەشاری كەركوك بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی بەمەبەستی لێكۆلینەوەو دانانی پلان و ڕێ و شوێن بۆكردنەوەی ئۆردوگا عەرەب نشین لەسنووری شاری كەركوك وە بڕیاری دروست كردنی درا بەم مەرجانەی لای خوارەوە :-

لەبەرئەوەی قەزای كەركوك لە چوار ناحیە پێك هاتووە(ناحية تازة + ناحية ام المعارك – ليلان + قطاء الدبس + ناحيةالتون كوبري) بڕیار درا لە سنوری هەر ناحیەیەك ئۆردوگایەكی عەرەب نشین یان زیاتربكرێتەوە و





بەپێ ی داواكاری ئەگەر پێویستی كردچەند گوندێكی نزیك ئۆردوگاكە ئاوەدان بكرێتەوە وەك ئۆردوگای بچوك .

١. كرینی گشت ئەو زەوی زارانەی سنوری ئەوئۆردوگایانە لە كوردەكان لەلایەن حكومەتە وە ودابەش كردنی بەسەر ماڵە عەرەبەكان كە لەوسنورە نیشتە جێ دەبن ئەویش بەدانی مەبلەغی (٢٠)بیست هەزار دینارتەبع بۆ هەر دۆنمێك ئەوبیست هەزارەش (١٠)هەزاری بۆ حكومەت و (١٠)هەزاری تریشی بۆ خاوەن زەوی .

٢. ژمارەی خانووی ئۆردوگاكان لە(١٠٠) خانوو كەمتر نەبێت .

٣. وە هەرئۆردوگایەك ناوێكی عەرەبی لێنرا بە م شێوەیە :-

- ئۆردوگای (عمر بن عبدالعزيز )لە ناوچەی قەرەحەسەن سنوری ناحیەی لیلان ( ام المعارك )، زۆربەی دانیشتوانی ئەو كوردانەن كە نەتەوەی خۆیان گۆڕیوەبۆعەرب لە گەل عەرەب و توركمانەكانی ناو شاری كەركوك و لیلان.
- ئۆردوگای( الرشيد) لە نزیك گوندی چیمەن ،ئەو خێزانە عەرەبانەی لێ ی نیشتەجێ بوون كەلەم عەشیرەتانەن (السادة النعيم – فخذ رسلان + السادة النعيم – فخذ النكرة+ عشيرة الطي – فخذ الراشد + عشيرة العزة – فخذ البو سهيل + عشيرة العبيد – فخذ البو عكلة+ عشيرة البوالحمدان +عشيرة العبيد – فخذ بني جميل ) .
- ئۆردوگای (المثنى )لەناوچەی شوان ، سنوری قەزای دوبز ، ئەو خێزانە عەرەبانەی لێ ی نیشتەجێ بوون كەلەم عەشیرەتانەن ( الشاويين +

الجبور – فخذ القفطان + العبيد – فخذ البو سعيد + العبيد فخذ البو صالح ) .

ئۆردوگای ( العز)لەسنوری ناحیەی کۆپری ، ئەو خێزانە عەرەبانەی لێ ی نیشتەجێ بوون کەلەم عەشیرەتانەن( الرافدين + الحديدين + العجالي

- عشية العز – فخذ البو المرشدي + عشيرة العز – فخذ البو وعد + البو مسحاق + السبعاوي + اللهيب ) .
- ئۆردوگای ( التحدی ) لەسنوری ناحیە ی (تازە)یە لەسەر رێگای کەرکوك – بەغداد نزيك پردی ( قەری چای ) ، عەشیرەتی ( المهاوش ) لێ نیشتە جێ دەبێت ، هەروەها گوندەکانی دەوروپشتیشی ئاوەدان دەکرێتەوە وە گوندەکانی(البو سەباح +شۆراوە + بارە بارە + سنکور)بۆ ئەو کوردانەی قەومیەتی خۆیان گۆریوە لە کوردەوە بۆعەرەب.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ی رۆژی ١٩٩٩/١٢/٥







کەرکوک – پردی ( دوو ) ( الشهداء)

## يەكەم :سياسەتى پاكتاوى رەگەزى

## (٢)

## شێوازێكى نوێ ى تەعريب

كردنەوەى چەندين ئۆردوگاى عەرەب نشين لە چواردەورى شارى كەركوك ، لەگەڵ ئەوانيشدا دەيان خێزانى عەرەب لەشێوەى دەوار نشين هاتوون بۆ ناوچەكە بەبيانوى ئاژەڵ دارێتى ، ساڵانە هەرلەسەرەتايى بەهارەوە تاكۆتايى پايز لەوێ دەمێننەوە، بەتايبەت ناوچەسنوريەكانى شارى كەركوك لەگەڵ حكومەتى هەرێم ، حكومەتى عێراق لە كردنەوەى ئەو ئۆردوگانە چەندين مەبەستى هەيە لەوانە :ـ

- بەعەرەب كردنى ئەو ناوچانەى لێ نيشتەجێ دەكرێن .
- بەكارهێنانيان وەك پشتێنەيەكى ئەمنى لەرووى هێزى پێشمەرگەى كوردستاندا .
- هەول دان بۆ دروست كردنى ناكۆكى ودوبەرەكى لەنێوان كوردەكان وعەشايەرە عەرەبەكاندا .
- بەمەستى دل رازى كردنى سەرەك عەشيرەتە عەرەبەكان بەسوود وەرگرتن لەبەرومى كشتوكال و خێرو بێرى ناوچەكە .

وچەندين مەبەستى تر ، هەر لەسەرەتايى رێگا پێدانيان لەلايەن حكومەتى عێراقيەوە بە نيشتە جێ بوون لەو ناوچانە، بەپێ ى بەرنامە بووە مەبەستى تايبەتى حكومەتى عێراقى لەدواوە بووە، لەسالى ١٩٩٣ وە تا ساڵى ١٩٩٧ هەر ساڵەى چەند گوندێك هاتونەتە پێش ئەوەى سالى ١٩٩٣ لێ





ى نيشتەجێ بوون ساڵى ١٩٩٤ خۆيان بە خاوەنى زانيوە وە ئەوەى ساڵى ١٩٩٤ لێ ى نيشتەجێ بوون ساڵى ١٩٩٥ خۆيان بەخاوەنى زانيوە ، ئەمەبێجگە لەو گوندانەى ١٩٩٣

لێ ى نيشتەجێ بوون ، ساڵ لەدواى ساڵ هاتوون بەرەو پێش تاواى لێهات داوا لەحكومەتى عێراق بكەن خانويان لەشێوەى ئۆردوگا بۆ دروست بكات و چەكيان بەسەردا دابەش بكات ، حكومەتى عێراقيش لەبەر بەرژەوەندى خۆى و وەلەچوارچێوەى پرۆسەى بەعەرەب كردنى شارى كەركوك دەوروبەرى ئەم كارەى زۆر پێ باش بوو ، بەپێ ى بەرنامەيەكى دارێژراو بەدرێژايى ناوچەسنوريەكانى شارى كەركوك لەگەڵ حكومەتى هەرێم ئۆردوگاى عەرەب نشينى دروست كرد .

پاش دروست كردنى ئەم ئۆردوگايانە ئەو عەشيرەت و هۆزە عەرەبانەى نيشتەجێ ى ناوچەكەن بەبيانوى ئاژاڵدارێتى و گەران بەدواى سەوزايى دا ساڵانە چەندين گوند لەدەورووبەرى ئۆردوگاكانيان داگير دەكەن ، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد ئەو شوێنەى ساڵى يەكەم رووى تێدەكەن ساڵى دووەم خۆيان بەخاوەنى زانيوە بۆيە لەساڵى ١٩٩٧ وەبەرادەيەكى بەرچاوبەرەو پێش دێن تا كار گەيشتە ئەوەى كە ئەم ساڵ ٢٠٠٠ئەو ناوچانەى حكومەتى عێراق چەندين ساڵە بە محرمە ناوى بردوون ببەزێنن وبگە نە نزيك شارۆچكەى چەمچەماڵ. ئەمەبێچگە لەوە لەماوەى ئەم چەند سالى رابردووە چەكدارەكانى ئەو عەشيرەت و هۆزانە چەندين هاوڵاتى كوردى بێ تاوانيان كوشتووە و تەرمەكانيان تەسليم بەحكومەتى عێراق كردۆتەوە ، چەندين جار وەكو ئەوان خاوەن ماڵ و زەوى و زار بن شەريان

دروست کردوە لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەئازاد کراوەکانی هاوسنور لەگەڵ سوپای عێراق دا،هەروەها حکومەتی عێراق بەنیازی کرینی گشت ئەو زەوی و زارانەی گوندە کوردیە چۆل کراوەکانی ناوچەکانی دەوروپشتی شاری کەرکوکەو دابەشی دەکات بەسەر عەشیرەتە عەرەبەکانی نیشتەجێ ی ئەو ناوچانە ، ئەمەشوەکو( عەربوون) و( تەماح) یَك تا هۆز عەشیرەتەعەرەبەکان لەداهاتوودا بەئاسانی ناوچەکە چۆڵ نەکەن ، ئەمەگرفتێکی گەورەیە چونکە ئەگەر لاپەرەکانی مێژووی چەند دەیەیەکی سالآنی پێشوو هەڵدەینەوە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لەگوندەکانی دەوروپشتی شاری موسل کورد نشین بوون بەلآم بەهۆی تەعریب وراگواستنی دانیشتوانەکەی و تێپەربوونی سالآنێکی زۆر ئێستا هەمووی عەرەب نشینن ، کوردەکان ئەگەر هەبن لەوگوندانەوەکو کەمایەتی هەن وبەگوندی عەرەب دەژمێردرێن ،ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراقی هەمان سیاسەتی حکومەتی ئیسرائیلیە لەفراوان کردنی رۆژئاوای شاری قودس بەمەبەستی فراوان خوازی چەندین ئۆردوگای جولەکە نشین کردۆتەوەو ئێستا ئامادە نیە دەست بەرداریان بێت ، وەکو کارتێکی بەهێز بەکاری دێنی لەرووی فەلەستینیەکان.





کەرکوک – سینەما خیام



## یەکەم :سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(٣)

## چەکدارکردنی هۆزوعەشیرەتەکانی ناوشاری کەرکوك دەوروبەری

هـەر لەسـەرەتای دروسـت بـوونی پێکهاتـەی دەوڵـەتی عێراقەوەکـە دەکاتـە سـەرەتای دەیـەیی دووەمـی سـەدەی بیسـتەوە شـاری کـەرکوك گرنگیـەکی تایبەتی هەبووە لەلایـەن حکومەتـە یـەك لـەدوای یـەکانی عێـراق ، بەتایبـەت دەسەڵآتی حکومەتی ئێستای عێراق کەهەرلەسەرەتای هاتنە سەر حوکمـەوە بـەهیچ شـێوەیەك کەمتەرخـەمی نـەکردووە لـە راگـوێزانی کـوردو بەعـەرەب کردنی شاری کـەرکوك لـەماوەی زیـاد لـەو سـی سـالەی حـوکمرانێتی هـەموو جۆرە رێگاو شوێنێکی گرتۆتەبەروهیچ درێغی نەکردوە لـە پێنـاوی بەعـەرەب کردنی شاری کەرکوك وبێجگە لەکردنەوەی چەندین ئۆردوگای عـەرەب نشـین لـــە دەوروبـــەری شـــاری کـــەرکوك داو داگـــیر کردنـــی زەوی زاری گونـــدە کوردنشینەکان کە ئێستا بە ناوی ناوچەی قەدەغەکراوەوە لە دانیشتوانەکەی چۆڵ کـراوە هـەروەها دابەشـك کردنـی هـەزاران پارچـە زەوی لـە نـاو شـاری کـەرکوك بەسـەر ئـەو خێزانەعەرەبانـەی لـە ناوەراسـت خـواروی عێـراق دەگوێزرێنەوە بۆ کەرکوك ،ئەوەی شایانی باسە هەردوو راپەرینەکەی ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٩١ ی شاری کەرکوك بەتایبەت راپەرینەکەی ساڵی ١٩٩١ کە بـوە هۆی رزگار کردنی هەموو شاری کەرکوك وای لە حکومەتی عێراق کردووە کە سەرەرای راگوێزان و بەعەرەب کردن و بە بەعسـی کـردن وسـەرکوت کردنـی دانیشـتوانەکەی بـە هـەموو شـێوەك بـۆ سـاتێکیش دڵـی ئـاو نەخواتـەوە و دەستی دڵنەوایی بـە سـنگیدا نـەهێنێت هـەردەم لـە پـیلان گێـران و نەخشـە





دانان بێت بەرامبەر بەو شارە بۆیە ئەم جارەیان بەمەبەستی دروسـت کردنـی دوبەرەکی لە نێوان دانیشـتوانی شـاری کەرکوکلەسـەرەتایی مـانگی تشـرینی یەکەمی ١٩٩٩وە و لە رێگای (لجنة شؤون الشمال) بە هاوکاری و رەزامەنـدی پارێزگـاری بـەناو کـەرکوك بریـاری بـە چـەکدار کردنـی گشـت ئەوعەشـیرەتە عەرەبانەی ناو و دەوربەری شاری کـەرکوکی دەرکـرد، لەبریارەکـەدا هـاتووە هەرعەشیرەتێك یان هۆزێك دەبێت ژمارەیەکی دیاری کراو چەکداری هـەبێت بە پێ ی ژمارەیـان وەك هێزیـك ئامادەبکرێت بـۆ کـاتی پێویسـت بەتایبـەت کاتی روبەروبونەوە لە گەڵ کوردەکان جا چ لە ناو شار بێت یان لە دەرەوەی شار بێت ، هۆکارەکانی دروست بوونی ئـەم هێـزەش لـەم چـەند خاڵـە خـۆی دەبینێتەوە :-

١. بۆ دروست کردنی ململانێ لە نێوان هێزەکانی تر کەلەشـاری کـەرکوك دان ، وەك (یوم النخوة ، فدائيي صدام ، قوات الطوارئ ...هتد)

٢. خـۆش کردنـی ئـاگری دژایـەتی و دوبـەرەکی لـە نێـوان کـوردو عـەرەب بەتایبەتی کوردەکان وعەرەبەکانی شاری کەرکوك .

٣. دروسـت کردنـی ململانـێ لـەنێوان عەشـیرەتەعەرەبەکان وەفـەرزکردنی هـــەندێ عەشـیرەت بەسـەر هەنـدێکی تـر بـەبیانوی ئـەوەی چـەکداریان زیاترە .

Đ. دەست نیشان کردنی ئەو عەشیرەت و هۆزانـەی کـە دڵسـۆزیان کەمـە بـۆ حکومەتی عێراقی لە رێگای ژمارەی چەکدارەکانیانەوە.

ئەمەش لیستی ژمارەی چەکدارەکانی گشت ئەو عەشیرەت هۆزەعەرەبانەیـە کەلەسنوری قەزای کەرکوك چەکدار کراون:-

ئەو هێزە بەفەرماندەیی (یونس احمـد محمـد ذیـاب النعیمـي) سـەرەك

| ژ | ناوی عەشیرەت یان هۆز | ناوی سەرۆكی چەكدارەكان | ژمـــــــارەی چەكدارەكانیان |
|---|---|---|---|
| ١. | النعیم / تربلس | یونس احمد ذیاب النعیمي | 5 |
| ٢. | النعیم / تربلس | محمود فاضل | ٢١ |
| ٣. | النعیم / تربلس | عبدالله شهاب حمد | ١٠ |
| Đ. | النعیم / تربلس | حسین حمادي حسن | ١٢ |
| đ. | النعیم / تربلس | عدنان محمود صالح | ١٨ |
| Ē. | النعیم / تربلس | سلیمان كریبان | ١٩ |
| ē. | النعیم / البو سعید | عبدالله حسین دعبول | ٢٣ |
| Ĕ. | النعیم / ألبیدع | عبدالله مخلف زویع | ٢٦ |
| ĕ. | النعیم / المهنا | عبد خلیل عبد جلیل | ٢٠ |
| ١Č. | النعیم / الحیان | صالح یاسین جعفر النعیمي | ٢٥ |
| ١١. | البومفرح | داود هادي سلیم | ٣٥ |
| ١٢. | البو عساف | محمد طلب | ١٥ |
| ١٣. | الجحیش / البو سرحان | البو سرحان | ١٥ |
| ١Đ. | الحدیدیین / البو حدیدین | محمود ابراهیم عبدالله | ٦٠ |
| ١đ. | البو اسحاق | وسمي بنیان سلطان | ١١ |
| ١Ē. | البیات / منطقة حي الواسشي | حمید عبدالكریم سلمان البیاتي | ٣٥ |
| ١ē. | البیات / منطقة العروبة | قاسم رشید احمد البیاتي | ٣٦ |
| ١Ĕ. | طي / الكنوات | محمود خطاب كنیر | ١٤ |



عشیرەتی نعێمیەكانە ، ئەوەی شایانی باسە وەك لە لیستەكە دەردەكـەوێت ژمارەیەكی زۆر كەم لە عەشیرەت وهۆزە عەرەبـەكان چـەك هەڵـدەگرن و لـە نـاو عەشـیرەت و هۆزەكـانیش دیسـانەوەخەلكانێكی كـەمیان حـەز بـە چـەك هــەلگرتن دەكــەن ئەگــەر بــەراوردی چــەكدارەكان بكــەین لەگــەلّ ژمــارەی ئەندامانی عەشیرەت و هۆزەكان وەلە كاتی بەجێ هێنانی ئەرك و فـەرمان دا رێژەیەكی زۆركەمی چەكدارەكانیان ئامادە دەبن كارەكانیان وەك پێویست( وەك لێپرسـراوانی شـاری كـەركوك ئەیانـەوێت) ئـەنجامی نـادەن ئەمـەش بووەتەجیّ ی نیگەرانی لێپرسراوانی حزبی و حكومی لەشاری كەركوك .



كەركوك – پردی ( دوو ) ( كۆن )





## یەكەم :سیاسەتی پاكتاوی ڕەگەزی

(٤)

## بەخشینی زەوی بەعەرەبە نیشتە جێ بوەكانی شاری كەركوك

لەدرێژەی سیاسەتی راگواستن وبەعەرەب كردنی شاری كەركوك و ناوچەكوردیەكانی تر ، حكومەتی عێراق وەك پیشەی هەمیشەیی هەردەم لە دانانی نەخشەو پلانی نویَ یە بۆ ئەومەبەستە ،لەمانگی شەشی ٢٠٠٠وە حكومەتی عێراق لەشارەكانی كەركوك و خانەقین و دوز و مەخمورو دیبەگەو گوێرو ... هتد، بەپیَ ی بریارێكی بەناو لیژنەی شئونی كاروباری باكور دەستی كردووە بەدابەش كردنی پارچە زەوی یەكی زور لەناوشارەكان بەسەر خێزانە عەرەبەكان ئەوانەی لەناوچەكانی خواروو باشوری عێراق بەمەبەستی نیشتە جێ كردن دێنە ناوچە كوردیەكانی ژێر دەسەلآتی حكومەتی عێراق كە تارۆژایی ئەمرۆ درێژەیان هەیە ،ئەمەش دەقی نوسراوێكی قەزای كەركوك بەمەبەستی تۆمار كردنی زەوی بەناو خێزانە عەرەبەكانەوە كەتێیدا هاتوە چەند كار ئاسانیان بۆكراوە هەروەها باس لەوە دەكات كە خاوەن زەویەكە بۆ ماوەی ١٥ سال بۆی نیَ یە كاری كرین و فرۆشتنی پێوە بكات :–

**نص الكتاب الذي يستلمه المواطن العربي من بلدية قضاء كركوك الى دائرة تسجيل العقار ليسجل القطعة باسمه :-**

بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية بلدية ةlŘă كركوǭ     Pهورية العراق

ﻷراضي

العدد /

التاريـ /

Бا / مɇۦɥȚ ǿالتسɗيل العقاري / ةlŘă كركوǭ

ɣ/ ƠÔǸ قطعة ار ô

استنادا Бا كتاب ديوان الرئاسة المرقم ٨٢٥٠ Ž ١٩٩٨/٤/٢١ وكتاب مديرية الشؤون الداخلية â/ê ١٠٤ Ž ١٩٩٨/٥/٢٣ المĤمن موافقة السـيد النائـب رئيس لجنة شؤون الشمال على ƠÔǸ القطعة المرقمة ( ) مقاطعة ( ) البالĥ مساحتها ( )للسيد ( ) ويتم استيفاء رسومها البالĥ (٥٠٠) دينار للقطعة الواحدĝ Û علما Ź استحÔال موافقة قائمقاɣ ةlŘă كركوǭ المرقم ( ) Ž ٢٠٠٠/١٢/ راجين تسɗيل القطعة المǾكورĝ أعلاǾ باسم المواطن ووضع اشـارĘ حɗÂ على القطعة لمدĝ خمسة عشرĝ عاما من تاريـ التمليǑ مع التقدير ...

مدير بلدية

٢٠٠٠/١٢/

- نسǼة منه Бا ...

محافظة كركوǭ / المعلومات السكانية

قائممقامية ةlŘă كركوǭ يعمل Øŏ الكتاب

مديرية بلدية ةlŘă كركوǭ لنفس الغرô





–لە مانگی تشرینی یەكەمی سالی /٢٠٠٠ حكومـەتی عێـراق بریـاری دروسـت كردنی تۆردوگایەكی (١١٠) مالی دەركردوە لەرۆژ ئاوای جادەی گشتی هەولێر – ئالتون كۆپری نێوان گوندەكانی ( شیراوە و سـێ قۆچـكان ودورەژە ) بـۆ ئەو مالە عەرەبانەی لە ناوەراست و خواروی عێـراق و ناوچـەكانی خـوارووی شاری كەركوك بەمەبەستی مەرو مالات لەوەراندن و كشتوكال دێنـە ناوچـەكە وەدەبێت ئەم ئۆردوگایە لەبەهاری سالی ٢٠٠١ تەواو بێـت تـا ئـەو خێزانانـەی دێن ئەم بەهارە سوود لەگژو گیاو خێرو بێری ناوچەكە ببینن .

– حكومەتی عێراق بەمەبەستی راكێشانی سەرنجی خێزانە عـەرەبكان و رازی كردنی دلیان لە پایزی سـالی ٢٠٠٠ خـەریكی لێـدانی چـەندین بـیری ئیرتـوازی بـووە لـە ناوچــەكانی نێـوان هەردووشـاری هــەولێرو كــەركوك بەتايبــەت ناوچەكانی دیبەگەو ئالتون كۆپری.

هـەروەها بەمەبەسـتی بەعـەرەب كردنـی سـەرجەم ئـەو كوردانـەی تـا ئێسـتا لەشاری كەركوك نیشتە جێن و هـیچ كـام لـەبریارەكانی پێشـوو بەمەبەسـتی بەعـــەرەب كردنیـــان یـــان راگواســـتنیان لەشـــاری كـــەركوك نـــەیانی گرتۆتەوەلەنوێترین بریاریـدا كەلەسـەرەتایی سـالی ٢٠٠١ دا دەرچـوە دەبێـت گشت ئـەو هاولآتیـە كوردانـەی لەشـاری كـەركوك نیشـتەجێن هـەموو جـۆرە كـارێكی كـرین و فرۆشـتنی زەوی زارو ملـك ومالیـان لـێ قەدەغـە بكرێـت تـا نەتەوەی خۆیان نەگۆرن بۆعەرەب ، پێش تـر بریارێـك هـەبوو كـە بـۆ كـورد نەدەبوو بەهیچ شێوەیەك ملك ومال بكاتە نـاو خۆیـەوە تـا نـەبێت بەعـەرەب ئەم بریارە لەزەمانێكی كۆنەوە كاری پێكراوە ، بەلآم بۆ فرۆشتن ئاسایی بوو كەچی ئـەم بریـارە تازەیـە كەلەسـەرەتایی سـالی ٢٠٠١ وە كـاری پێـدەكرێت

ئەوە بەمەبەستی گوشار خستنە سەر ئەو کوردانەی نیشتەجێ ی شاری کەرکوکن مامەلەی فرۆشتنی ملك و مالیان لێ قەدەغەدەکرێت تا نفوسی خۆیان نەکەن بەعەرەب ، ئەمەش بۆ چەندین مەبەستە لەوانە لەلایەك لەکاتێکدا ئەگەر یەکێ لە بریارەکانی راگوێزان گرتیەوە حکومەت دەست بەسەر ملك و مالەکەیدا بگرێت و بدرێتە کەسانی سەربەخۆی ویاخود حجز بکرێت لەکاتی فرۆشتنیە پارەکەی بگەرێتەوە بۆ حکومەتی عێراق ، لەلایەکی ترەوە تا گوشاری زۆر بخاتەسەر کوردەکانی شاری کەرکوك جم و جۆلیان سنوردار بکات یان ببن بەعەرەب یان شارەکە چۆل بکەن .

- کوردستانی نوێ ٢٠٠١/١/٣٠







کەرکوك – پردی ( دوو ) ( کۆن )

## یەکەم سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(٥)

## هەولدان بۆ سرینەوەی سیمای کوردەواری شاری کەرکوک

لەسەردانێکی لیژنەی کاروباری باکور بۆهەرسێ شاری موسل وکەرکوک ودیالە نارەزایی دەربریوە لەسەر بە سستی بەرێوەچوونی پرۆسەی سرینەوەی سیمای کوردەواری لەوشارانە بەتایبەت شاری کەکوک ، لەسەردانی پێشوویدا هەمان لێپرسراو بۆشاری کەرکوک داوای لەلێپرسراوانی شاری کەرکوک کردوە کە دەبێت هەموو هەولێکیان بخەنەگر بەمەبەستی سرینەوەی سیمای کوردەواری ئەوشارەو بەعەرەب کردنی خاك وخۆلی ئەویش بەدابەش کردنی (٤٠٠٠) پارچەزەوی بە وەجبە بەسەر خێزانە عەرەبەکانی دانیشتوی شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق کەبەمەبەستی نیشتەجێ بون رودەکەنە شاری کەرکوك و کاربەدەستانی عەرەب لەدەزگا جیاجیاکان و یەکەسەربازیەکانی سنوری شاری کەرکوك ، هەروەها تەرخان کردنی برێ پارەی زۆر بەمەستی خانو کردن ، لەسەردانەکەی ئەم جارەیدا بریاری داوە بە لیژنەی بەناو کاروباری باکور و لیژنەی ئەمنی شاری کەرکوك کە چەندین بریاری ترسناك جێ بەجێبکەن دەرهەق بە شاری کەرکوك ودانیشتوانەکەی لەوانە :

١–تەخت کردن و وێران کردنی هەندێ لە گۆرستانەکانی ناوشاری کەرکوك بەبیانوی پاك کردنەوەو چاکردنەوەیان بەتایبەت ئەو گۆرستانانەی هێمای





کوردەواری ئەوشارەن وناوەکانیان کوردیە وەك گۆرستانی ( شێخ محی دین) کەهاوسنورە لەگەل گەرەکانی ئیسکان وئیمام قاسم و حەسیرەکە و دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری کەرکوکەوە هەروەها بریاری کەم کردنەوەی سنوری گۆرستانی ( ئەحمەد ئاغای کۆن ) ی داوە .

٢–نەهێشتن و وێرانکردنی گشت ئەو شوێن و ناوچە دێرینە کوردیانەی لەو شارەدا هەیە بەتایبەت قەلآی کەرکوك وئەو ئیمام و مەرقەدانەی کەناوەکانیان کوردین .

٣–هەروەها گواستنەوەی گشت ئەو ئاسەوارانەی لەموزەخانەی کەرکوك بوون باس لەحوکمرانی کوردەکان دەکەن لەشاری کەرکوك و ناوچەکانی دەوروپشتی بۆشاری بەغداد .

لەگەل سەردانیان بۆ شاری کەرکوك وئۆردوگا عەرەب نشینەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك ، پشتگیری حکومەتیان بۆ دوبارە دەکەنەوەو بەدەنگ داواکاریەکانیانەوەدین بەتایبەت لەرووی لێدانی بیری ئیرتوازی و پر چەك کردنیان و دابەش کردنی زەوی زاری کوردان بەسەریاندا .

ئەم جۆرە کارە بەسەرەتایی قۆناغێکی نوێی تری سرینەوەی سیمای کوردایەتی ئەوشارە دێت پاش تێپەربوونی چەندین سال بەسەرجێ بەجێ کردنی پرۆسەی راگواستن و بەرعەرەب کردن و پاکتاو کردنی رەگەزی لەوشارەدا.

**کوردستانی نوێ ٢٠٠١/٤/٥**



کەرکوك – تۆپ قەلآ





## یەكەم سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی

(٦)

## دریژەدان بە پرۆسەی تەعریب و دروست كردنی خانوو

حكومەتی عێراق تا بتوانێ درێژە بەسیاسەتی پاكتاو كردنی رەگـەزی بدات لـەژێر گشـت پالەپەسـتۆكانی راگەیانـدن چـی نـاوخۆ بێـت لەلایـەن پـارت و رێكخراوە كوردیەكانەوە یان دەرەكی بێت لەلایەن رێكخراوەكـانی مـاف مـرۆڤ و لێپرسـراوانی نەتەوەیەكگرتوەكانـەوە كردویـەتی بەچـەند پرۆسـەیەكەوە وزۆر وردبینیانە كاری بۆ دەكات ، لەهـەر قۆنـاغێكی دیـاری كـراودا درێـژە بـەجێ بـەجێ كردنـی یـەكێ لـە پرۆسـەكان ئـەدرێت وە هـەموو پرۆسـە كـان لیژنـەی بـەناوكاوباری بـاكوور سەرپـەرشـتی دەكـات ، ئـەم لیژنەیـە لـەكاتی ئـەنجام دانـی یـەكێ لـە پرۆسـەكان ئەگـەر زانـی پالەپەسـتۆی راگەیانـدنی لەسەرە ئەوە جۆری پرۆسەكە دەگۆرێت ، تـا بتوانێـت گـوم رایـەك دروسـت بكـات بـەرووی ئـەعلامی نـاوەوەو دەرەوەی كوردسـتان ولەكـەمترین كاتـدا زورترین كار ی گۆرینی سیمای كـوردەواری شـاری كـەركوك ئـەنجام بـدات ، پرۆسەكانیش ئەمانەن :-

* پرۆسەی راگواستن ، تایبەتە بەكاری راگواستنی هاولآتیانی كـورد لەزێـدی باو باپیران لەگشت شـارو ناوچـەكانی ژێـر دەسـەلآتی حكەمـەتی عێـراق بـۆ شـارەكانی خـوارووی عێـراق وشـارەكانی هـەرێمی كوردسـتان ، ئـەویش بەچەندین بیانوی جیاجیا لەوانە( نفوسـیان كـەركوك نـی یـە یـان كەسـیان سەربازی هەلهاتوە یان لەدەرەوەی عێراقە ...هتد ) .

* پرۆسەی گۆرینی نفوس ، ئەمەش تایبەت بەکاری گۆرینی نفوس کوردەکانی ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراق لە کوردەوە بۆ عەرەب ، بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆسەیەش چەندین تەگەرە دەخەنە پێش ئەنجام دانی کارەئیداری و یاسایەکانی کوردەکان تا ناچاریان بکەن کەرکوك بەجیٚ بهێلن یان نەتەوەی خۆیان بگۆرن بەعەرەب .

* پرۆسەی کردنەوەی ئۆردوگا ، تایبەتە بەکردنەوەی دەیان ئۆردوگای عەرەب نشین لەناوچە کانی دەوروپشتی شاری کەرکوك و گشت ئەو ناوچە کوردیانەی تر هاوسنورە لەنێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم ، لەوانە( مجمع الرشیدو مجمع الشهید لەناوچەی شوان ، مجمع عمر بن عبدالعزیزلەناوچەی قەرەحەسەن ..هتد) .

* پرۆسەی گۆرینی سیمای کوردەواری، تایبەتە بەگۆرینی ناوی گەرەك وشەقام وقوتابخانە وشوێنەگشتیە کان لەکوردیەوە بۆ عەرەبی و سرینەوە وتەخت کردنی شوێنەوارە کوردیەکان بەتایبەت لەشاری کەرکوك.

* پرۆسەی نیشتە جیٚ کردنی خێزانی عەرەب لەشارو شارۆچکە کوردیەکان، ئەم بەشەش تایبەت بەهێنانی خێزانی عەرەب لەشارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق و نیشتە جیٚ کردنیان لە سنوری پارێزگای کەرکوك و شارو شارۆچکەکانی تری دەوروپشتی لەوانە خانەقین و دورز ...هتد ، ئەمەش بەبەخشینی برێکی زۆر پارەو زەوی وئیمتیازات .

مێژووی پرۆسەی هێنان و نیشتەجیٚ کردنی خێزانی عەرەبە لەشارەکانی ناوەراست و باشووری عێراق بۆ کەرکوك و ناوچەکوردیەکانی تری ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقە ، دەگەرێتەوە بۆ سەرەتایی پێك هێنانی





حکومەتی عێراق لەسالی ١٩٢٠ ، هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەشداریان لەئەنجام دانی ئەم پرۆسەیە کردوە هەولیان داوە بۆزیاد کردنی نفوزی عەرەب لەشاری کەرکوك و ناوچەکوردیە سنوریەکان لەگەل شارە عەرەبیەکان ، هەرچەندە حکومەتی ئێستای عێراق لەسالانی یەکەمی دەسەلاتیەوە هیچ کەمتەرخەمی نەکردوە هەموو هەولێکی خستۆتە گر بۆ ئەنجام دانی ئەم پرۆسەیە ، بەلآم لەم سالآنەی دوایدا بەتایبەت لەسالآنی دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ و رزگار کردنی شاری کەرکوك زۆر مەبەستی بوە لەگەل راگواستنی کورد زۆرترین ژمارەی عەرەبیش نیشتەجیٚ بکات لەشاری کەرکوك ، لەپێش راپەرین بەتایبەت لەدرێژەی سالآنی هەشتاکان بۆ ئەومەبەستە چەندین ریٚ و شوێنی نیشتەجیٚ کردنی خێزانی عەرەبی گرتۆتەبەر تابتوانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر نیشتەجیٚ بکات ئەویش بەکردنەوەی چەندین گەرەکی نویٚ لەشاری کەرکوك لەوانە گەرەکی ( القادسیة الاولی ، القادسیة الثانیة ، الفین دار ، حي الرشید ، حي الحجاج ،حي الوحدة ، حي العسکریین ، حي الشهداء ، حي الاسری ، حي ١ اذار ، حي ١حزیران ، حي الواسثي ، شقق حي الواسطي ، شقق صدام ، حي المثنی ،حي القدس ...هتد ) و کردنەوەی چەندین ئۆردوگای تر لەدەروپشتی شاری کەرکوك ، بەلآم لەپاش رزگار کردنی شاری کەرکوك لە راپەرینەکەی سالی ١٩٩١ ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانە عەرەبانە گەرانەوە بۆشارەکانی خۆیان خانوبەرەکانیان لەکەرکوك بەجیٚ هێشت ، تا چەند سالێك وابوو دواتر حکومەتی عێراق داوای لێکردن کەبگەرێنەوە ئەگینا قەرەبوویان لیٚ دەسێنێتەوە، ژمارەیەکیان گەرایەوە ، داوای لە خێزانە عەرەبکانی تریش

كـرد كـەبێن لەشـاری كـەركوك نیشـتەجیٚ بـن و نفوسـیان بگـۆڕن بـۆ شـاری كەركوك بەرامبەركارو زەوی وزارو پـارەی عـەقار و كۆمـەلی ئیمتیـازاتی تـر ، ژمارەیـەكی تـر خێـزان هـاتن بـەلآم زۆربـەی ئـەو خێزانانـە پـاش وەرگـرتنی ئیمتیازاتـەكان دیسـانەوە جـارێكی تـر گەرانـەوە بۆشـارەكانی خۆیـان كەركوكیان بە جیٚ هێشت ، ئەمـەش بـوە هـۆی دروست كردنـی كێشـەیەكی زۆری لەنێوان حكومەتی عێراق و ئە خێزانانە كەئامادەنین بـەهیچ شـێوەیەك بگەرێنەوە بۆ شاری كەركوك .

لەدوابریاری حكومەتی عێراق كە سەرەتایی سالی ٢٠٠١ دەرچـووە لـەجێگای ئەوەی پێشەكی و ئیمتیازی زەوی پارەو عەقاری بدات بە خێزانە عەرەبەكان و داوایان لێدەكات بێن بۆ كەركوك وە بۆئەوەی ئەو خێزانانە پاش وەرگـرتنی زەوی زارو پـارەو فرۆشـتنی نەگەرێنەوەبۆشـارەكانی خۆیـان ، حكومـەتی عێراق بریاری داوە خۆی خانویان بۆ دروست بكات و تەجهیزی بكـات تـەنها بـری دوو ملیـۆن دینـاری تـەبع ئـەدات لـە بـری گواسـتنەوەی نفوسـیان لـە شـارەكانی خۆیانـەوە بـۆ پارێزگـای كـەركوك ، تـابتوانیٚ بـەبیانوی پـارە زۆرتـرین خێزانـی عـەرەب بگوازێتـەوە بۆشـاری كـەركوك وەئەگـەر پاشـان خێزانەكە گەرایشەوەبۆ شارەكەی خۆی حكومەتی عێراق خانووەكە بدات بە خێزانێكی تر .

**كوردستانی نویٚ ٢٠٠١/٢/٢٥**







كەركوك – پردی دوو

## یەكەم: سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی

(٧)

**چەكدار كردنی عەرەبە ئۆردوگا نشینەكانی چواردەوری شاری كەركوك**

قەزای كەركوك لەسالی ١٩٣٧ لەسەردەمی مەلەكییداپێك هێنرا ، ژمارەیەكی زۆری لەناوچـەو شارۆچـكەی گرتبـووە خـۆ ، بـەڵام لەدرێـژەی پرۆسـەی بەعەرەب كردنـی ئـەو شـارە و بـە درێـژایی رۆژگـار هەنـدێك لـەو شارۆچكەو ناوچانەی لێداتاشرا، لەسەردەمی حكومەتی ئێستای عێراقیشدا تەعریب بەس دانیشتوان و گـەرەكانی ناوشـاری نەگرتۆتـەوە و بـەڵكو رۆژانـە لەهیسـتریایی پەل هاویشتنە بۆ چواردەوەری شاری كەركوك .

دیـارە ناوچـە كوردیـەكانی سـنوری مەركـەزی شـاری كـەركوك بەتایبـەت ناوچـەكانی بـاكورو رۆژهـەڵات، خـاكێكی بـەپیت و بەرەكـەت و شـێیاوە بـۆ لەوەرو ئاژەلداریتی و كشـتوكال ، خـاوەنی دەیـان كـانی و رووبـاری بچووك وچەم وباخی بەرو بووم ودارو خاوەنی كەش و هەوایـەكی فێنـك وناوچـەیەكی گەشتیاری خۆشە ،بەڵام كـاتێ حكومـەتی عێـراق لـەپاش راپـەرینی بـەهاری ١٩٩١ و رزگـار كردنـی زۆربـەی زۆری ناوچـە و شـارەكانی كوردسـتان بـە كـەركوكی قودسـی كوردستانیشـەوە شـاری كـەركوكی داگیركردەوەو چوار دەوری بەسـوپاتەنی ، ناوچـەیەكی بـەر فـراوان لـەنێوان حكومـەتی عێـراق و حكومەتی هەرێمدا بەچۆلی مایەوە و بـەناوچەی محەرەمە نـاودەبراو كەسـی لێ نیشتەجێ نەدەبوو ، كەچی پاش تێپەربوونی چـەند سـاڵێك ئـەو ناوچـەیە ئاوەدان كرایەوە لەلایەن حكومـەتی عێراقیـەوە ئـەویش بەكردنـەوەی دەیـان ئۆردوگای عەرەبنشـین ،حكومـەتی عێراقـی هەربـەوەش نەوەسـتا سـەرەرای كردنەوەی ئەو هەموو ئۆردوگا عـەرەب نشـینانە ،هـەردەم خـەریكی پرچـەك





كردنیان بووە تا بیان كاتە بەگژ ئەو كوردانەی كەلەسەر خاك و زەوی خۆیـان بەمەبەستی ئاژەلداری كشـتوكال لەوسـنورە نیشـتە جـێ بـوون هـەروەها بـۆ پاراستنی ئەو سنورە بەكاریان بهێنێت ، لەداواكاریەیكی قائمقامیـەتی قـەزای كـەركوك كـە ئاراسـتەی پارێزگـای بـەناو (التـامیم )كـراوە داوای ژمـارەی پێوسـتی چـەك بـۆ سەرنشـینانی ئوردوگـا عەرەبنشـینەكان دەكـات بـەم شێوەیەیە :ـ

| | |
|---|---|
| ئۆردوگاكانی مەركەزی قەزا | (٣٢٤) پارچە چەك |
| ئۆردوگاكانی ناحیەی ام المعارك (لەیلان ) | (١٩١ )پارچە چەك |
| ئۆردوگاكانی قەزای دوبز | (٥٦ )پارچە چەك |
| ئۆردوگاكانی ناحیەی ئالتون كۆپری | (١٩٤ )پارچە چەك |

بێجگە لە ئەو خێزانە عەرەبانەی نیشـتەجێ ی ئۆردوگاكـان ژمارەیـەكی تـری خێزانی عەرەب بەمەبەستی لەوەر دێنە گوندەكوردیەكانی سنوری حكومەتی هەرێم ، تـا پێیـان بكرێـت و خێـرو بێـری تیـدابێت لـەوێ دەمێننـەوە لەگـەل گەرانەوەیانیشـدا ناوچـەكە بـەملكی خۆیـان دەزانـن بـۆ سـالی داهـاتوو، بەپاڵپشـتی هێـزو سـوپای حكومـەت رێگـا نـادەن خاوەنـە ئەسـلیەكانی كـە كوردەكانی ئەوناوچانەن هاوبەشیان بكـەن ، ئەگـەر لەهەنـدێ شـوێندا ناچـار بوبێتن لەگەل كوردەكان پێكەوە مـەرداری و كشـتوكال بكـەن ئـەوە هـەردەم ویستویانە كێشە یان بۆبدۆزنەوە حكومەتی عێراقیـان لـێ هاربكـەن و توشـی دەیـان دەردەسـەریان كـردون ، زۆرجـار كارگەیشـتۆتە ئـەوەی لەگـەل گەرانـەوەیان لـەكوردەكانیان كوشتوەو ملك وماڵاتەكـەیان بـەتاڵان بـردون و بۆی هەلهاتوون ، ئەمەلەجێگای وەفاو چاكەیان ، هەرچەندە ئەمە هـەموویان

نـــــاگرێتەوە بـەڵام زۆربـەیان ئەمـە پیشـەیانەو سـاڵانە دووبـارەو دەبـارە دەبێتەوە .

بۆیە حەقی وایە حکومەتی هەرێم سنورێك بۆ ئەم رەفتارانـە دابنێـت و چـەند یاساورێسایەك لەوەبارەیەوە پەیرەو بکات وەك:—

*بامانەوەی ئەو خێزانانە بەپێ ی عەقدی کشتوکالی بێت و پارەکەی بدرێتە خاوەن ئەو زەوی زارانەی عەرەبەکان لێ ی نیشتە جێن ، تا وەك قـەرەبووی برێك لەو زەرەرو زیانەی لێیان کەوتووە .

* بەڵێن نامـە(تعهد) یـان لێبسـێندرێت هەرگونـد نشـینێکی کـورد لەسـنوری ئەوان زەرەو زیانی لێبکەوێت بەتایبەت وەك کوشتن و مال سـوتاندن و گـرتن ئەوان لێی بەرپرسیارن .

* سـەرژمێری خۆیـان و مەروماڵاتەکـەیان بکرێـت ولەلایـەن تیمـی پزیشـکی پسپۆر بەنەخۆشیەکانی گیانداران لە لەش ساغیان تائکید بکرێتەوە .

* نەهێڵدرێت بەچەك و تەقەمەنی زۆرەوە لەوناوچانەی دەکەوێتە ناو سنوری حکومەتی هەرێمەوە نیشتە جێ بن .

* کادری شارەزاو لێهاتوو رۆشنبیرلەهێزی پێشمەرگەی کوردستان تـەرخان بکرێت تا بچێتە ناویانەوەو باسی رەوایی مەسەلەی کورد یان بۆ بکەن .

*تاپێویسـت دەکـات بەنـەرمی و نیـانی لەگـەلیان مامەلـەبکرێت تـاوەکو ئـەودیواری ترسـەی حکومـەتی عێـراق لای ئـەوان دروسـتی کـردوە دژ بەکوردستان بروێتەوە .

**کوردستانی نوێ ٢٠٠١/٥/٢٣**







کەرکوک – لافاو

## یەكەم: سیاسەتی پاكتاوی ڕەگەزی

(٨)

## هاندانی لادێنشینەكان تا بێن لەكەركوك نیشتە جێ بن

حكومەتی عێراق لەچوار چێوەی پرۆسەی بەعەرەب كردنی شاری كەركوك لەنوێترین بریاری دا بەپێ ی نوسراوێكی پارێزگای كەركوك ( مەكتەبی نیشتەجێ كردن– مكتب الاسكان) بۆ دام ودەزگا حزبی و ئەمنیەكانی شاری كەركوك داوا دەكات لەسەر ڕۆشنایی ڕێنمایی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش كە بەنوسراوی ژمارە ٣٦ لەبەرواری ٢٠٠١/٣/١٢ ئاراستەی دیوانی پارێزگا كراوە(هەموو كوڕێكی لادێ ( الريف) هەمان ئیمتیازاتی كوری شاری پێ ئەدرێت كاتێ نفوسی خۆی بگوازێتەوە مەركەزی كەركوك ، وەحەقی خۆیەتی پارچەیەزەوی بەخۆرایی پێبدرێت لەگەڵ ئەو برەپارەیەی بەپێی بریاری (٤٢) ی سالی ١٩٨٦ دیاریكراوە.

لەهامشی هەمان نوسراودا هاتووە لەسەر دەزگا حزبی ئەمنیەكان پێویستە هانی هاولاتیانی عەرەب بدەن وزۆریان لێ بكەن كە بەدەنگی ئەم داواكاریەوە بچن و كارئاسانیان بۆ بكەن تا زۆرترین ژمارەی لاوی عەرەب خۆیان بخزێننە ناو شاری كەركوكەوە ، ئەمەش بەكارێكی نیشتمانی دادەنرێت .

هەرچەندە ئەم نوسراوە پێویستی بەهیچ ڕوونكردنەوەیك نی یە ماناو مەخزا كەی روون و ئاشكرایە كەمەبەستیانە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی شاری كەركوك بكەنە عەرەب وسیمای كوردەواری ئەو شارە بسرنەوە ،تا وایلێهاتووەلەبەرزترین ئاستی دەسەلاتداریەتی حكومەتەوە چاودێری بكەن و ڕێنمایی ئاراستەی دەزگاكانی خوارە وە بكەن ، ئەمەش پاش دەیان سال





لەسیاسەتی بەعەرەب كردن و ڕاگواستنی كوردان دێت لەلایەن دەسەلاتە یەك لەدوای یەكەكانی حكومەتەكانی عێراقەوە ، بەلام ئەگەر دوور بینانەتر تەماشای بكەین مانای زۆر دەگەیەنێ لەوانە دەیسەلمێنێ كە كەركوك شاری كوردانەو زۆربەی دانیشتوانەكەی كوردە، هەرچیان پێكراوە لەماوەی دەیان سالی رابردوەدا بەمەبستی پاكتاوی ڕەگەزی لەشاری كەركوك و ڕاگواستنی دانیشتوانەكەی هێشتا نەیانتوانیوە ئەو ئامانجە نامرۆیانەیان بهێننەدی .

لەلایەكی ترەوەو هەر لەنوسراوێكی تری پارێزگاری كەركوك كەئاراستەی دام دەزگاكانی ئەو شارە كراوە لەسەر هەمان ڕێنمایی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی ئەوەی خۆیان پێی دەلێن ( مجلس قيادة الثورة) هاتووە دەلێت : لەكاتی دامەزراندی هەرفەرمانبەرێك لە دەزگاكانی شاری كەركوك دەبێت لیژنەیەك پێك بهێنن لەدیوانی پارێزگا بۆ تەنیسق كردن لەگەل حزب و دەزگا ئەمنیەكان پاش دیاریكردنی شوێنی كارەكە،ئەو فەرمانبەرەی دەیەوێت دابمەزرێت فۆرمێكی پێپربكرێتەوە نەتەوەكەی تیایدا دیاری بكرێت ، تابەهیچ شێوەیەك ڕێگا نەدرێت كورد لەدەزگاكانی شاری كەركوك دابمەزرێت ، ئەمەش سەرەرای ئەوەی ئێستا لەشاری كەركوك پێویستیان بە دامەزراندنی فەرمانبەرێكی زۆر هەیە ،ڕێگا دراوە بە كوردەكان بێجگە لەشارەكانی ( كەركوك و موسل و دیالەو تكریت و بەغداد) دەتوانن لەهەرشوێنێكی دابمەزرێن.

**كوردستانی نوێ ٢٠٠١/٨/٧**



کەرکوك – پردی یەکەم





## یەکەم :سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(٩)

## حکومەتی عێراق و  گوشار خستنە سەر تەعریبچیەکان

لەگشت شوێنێکی  جیهان وابوە بەپیتی و بەرەکەتی خـاك وئـاوی ناوچـەیەك بوەتە خێـرو بەرەکـەت بـۆ دانیشـتوانەکەی ،بـەلآم لای ئێمـە  بەپێچـەوانەوە بەپیتی وبەرکـەتی خـاك و بـوونی سـامانی ژێـر زەوی بـۆ دانیشـتوانی شـاری کەرکوك بێجگە لەوەی دانیشتوانەکەی  لیٚ بێبەش کراون  بوەتـە نەگبـەتی و مالٚ ویرانی دەربەدەریش بۆیان . ئێمەی کورد هـەر لەدێرزەمانـەوە راهـاتوین لەگەل بیستنی نـاوی کـەرکوك بیرمـان بـەلآی چەوسـاندنەوە بەعـەرەبکردن و راگواستن و سەرکوت کردن دەچێت لەو شارەدا  لەگەل ئەوەیشدا خۆراگری و چالاکی و نەبەزی قارەمانیتی دانیشتوانەکەی بەبیرماندا دێتەوە

قۆناغەکانی بەعـەرەبکردن و راگواسـتن لەسـەر دەسـتی حکومـەتی ئێسـتایی عێـراق  بـەپیٚ ی گۆرانکاریـە ناوچـەیی وئـەقلیمی و ناوخۆیـەکان چـەندین گۆرانکـاری بەسـەردا هـاتووە ، لەهـەموو قۆناغەکانیشـدا حکومـەتی عێراقـی بەپلان و نەخشەو گوروتینێکی نویٚ وە قۆلی لـیٚ هـەلمالیوە ، تاگەیشـتوەتە رادەیەك لەئاستێکی زۆربەرزی دەسـەلآتەوە چـاودێری پرۆسـەی بەعەبـەرەب کردن و راگواستن بکرێت لەشاری کەرکوکدا.

لەقۆناغی ئێستای بەعەرەب کردنی شاری کەرکوکدا حکومەتی عێـراق لەگـەل راگواستنی دانیشـتوانەکەیدا ، زیـاتر گرنگـی داوە بـەهێنانی خێزانـی عـەرەب لەشـارەکانی ناوەراسـت و باشـوری عێـراق و قـەزاو ناحیەعـەرب نشـینەکانی

دەوروبەری شاری کەرکوك و ونیشتەجێ کردنیان لەناو مەرکەزی شاری کەرکوك ، ئەویش بەچەندین شێواز لەوانە :—

* هێنانی خێزانی عەشیرەتە عەرەبەکان لەشارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق بەتایبەت لەشارەکانی رومادی و کوت وکەربەلاو نەجەف ...هتد بەبیانوی دابین کردنی کشتوکاڵ ولەوەرگا بۆ مەرومالاتەکانیان بو ناوچە کشتوکالیەکانی خۆرهەڵاتی شاری کەرکوك و ناوچە سنوریەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەویش بۆ چەندین مەبەست لەلایەك پر چەکیان دەکات دژ بەکوردەکان و لەلایەکی تر بۆزیاد کردنی نفوزی عەرەب لەناوچەکە، بۆ ئەو مەبەستەش بەنیازە چەندین ئۆردوگای تازە بکاتەوە لەوانە کردنەوەی ئۆردوگایەکی عەرەب نشین لەنزیك گوندی ( ئەحیاوا) سەربە شارۆچکەی لەیلان .

* گواستنەوەی شوێنی کاری فەرمانبەرەعەرەبەکان لەناوەراست و باشوری عێراقەوە بۆ شاری کەرکوك و ئەویش لەگەل گواستنەوەیان پلەی حزبی و کاریان بەرزدەکرێتەوە زەوی وپارەی باشیان پێ دەدرێت بۆ خانوو کردن لەناو شاری کەرکوك تەنها مەرجیش لەبەرامبەردا گواستنەوەی نفوسیانە بۆ شاری کەرکوك .

* هێنانەوەی ئەو خێزانە عەرەبانەی لەکۆنەوەراگواستراون بۆشاری کەرکوك بەڵام گەراونەتەوە شوێنی پێشووی خۆیان بەتایبەت پاش شەری کوەیت و رزگار کردنی شاری کەرکوك ، ئێستا حکومەتی عێراق پالەپەستۆی خستۆتە سەریان کە بگەرێنەوە شاری کەرکوك ئەوەی خانوەکەی تەواو نەکردوە بری





(٣)ملیون دیناری ئەداتێ بەمەرجێك خۆی تیایدا نیشتەجێ بێت ، نەك بەکرێی بدات .

* لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراق داوای لەعەرەبەکانی نیشتەجێ ی شارو شارۆچکەکانی دەوربەری شاری کەرکوك کردوە ئەوەی دەیەوێت لەشاری کەرکوك نیشتە جێ بێت بێجگە لەپارچە زەوی بۆ خانوو زەوی کشتوکالی و برێ پارەی زۆریشی پێ ئەدرێت بەرامبەر نیشتەجێ بونیان لەشاری کەرکوك ، بەتایبەت عەرەبەکانی قەزای حەویجەو گوندەکانی دەوروپشتی .

* هەروەهالەبریارێکی تری حکومەتی عێراق بۆ گشت فەرمانگەکانی شاری کەرکوك دەبێت لەکاتی بەرێوەبردنی مامەلەی هاوڵاتیان ئەو ناوەتازەعەرەبیانەبەکاربهێنن کە بۆ گەرەکە کوردیەکان دانراون ، چونکە ژمارەیەکی زۆری گەرەکە کوردیەکان لەزووەوە ناویان گۆراوە بۆ عەرەبی بەڵام بەکاریان نەدەهێنا لەوانە ( شۆرجە کرابووبە حی القدس ، تەپە بە المیسلون ، رەحیم ئاوا بە الاندلس ...هتد .

کوردستانی نوێ ٢٠٠١/١٠/١٧



كەركوك – شەقامی ئەوقاف

## یەكەم :سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی

(١٠)

## دروستكردنی شقە بۆ عەرەبەكان لەناوشاری كەركوك و چەند بریارێكی تری رەگەز پەرستانە

لەچوار چێوەی بریاری ٩٨٦ نەتەوەیەكگرتوەكان( نەوت بەرامبەر بەخۆراك) بریار دراوەبەدروست كردنی خانوبەرەیەكی زۆر لەشێوەی ( شقە) لەشارەكانی ژێر دەسەلاتی حكومەتی عێراق لەوانە شاری كەركوكە ، حكومەتی عێراقی لەبری ئەوەی بەیەكسانی دابەشی بكات بەسەر هاوڵاتیانی بێ خانودا لەشارەكە بەپێچەوانەوە ژمارەیەكی زۆری خێزانی عەرەبی شارەكانی ناوەراست و خواری عێراقی ناونوس كردوە بۆ ئەو خانوانەكوردو توركان بەگشتی لێ بێ بەش كردون.

لەبەرواری ٢٠٠١/٢/١٢ دا لە دیوانی پارێزگای بەناو تامیم وە نوسراو ی ژمارە (٥٨٤) ئاراستەی هەردوو فەرعی كەركوك وتامیم ی حزبی بەعس كراوە لەشاری كەركوك كەتا كۆتایی مانگی نیسان هەرفەرعە ناوی (٢٠٠) خێزانی كورد ئامادە بكات بەمەبەستی راگواستنیان لەشاری كەركوك .

لەچوار چێوەی بەعەرەب كردنی دەم ودەزگاكانی ناوشاری كەركوك نەهێشتنی فەرمانبەری كوردلەوشارە ،حكومەتی عێراق بریاری داوەبە گواستنەوەی گشت ئەو فەرمانبەرەكوردانەی سەربەوەزارەتی تەندروستین بۆ ناحیەو قەزاكانی دەرەوەی شاری كەركوك بەتایبەت ئەو قەزاو ناحیانەی زۆربەی دانیشتوانی عەرەبن .





حكومەتی عێراق بریاری داوە بەئاوەدان كردنەوەی گوندەكانی ( تركەلان و تۆبزاوە و یایچی ) بەمەبەستی نیشتەجێ كردنی ژمارەیەكی زۆری خێزانی عەرەب كەلەشارەكانی ناوەراست و باشوری عێراقەوەهاتوون بەمەبەستی لەوەراندنی مەرومالات ، كەئێستا لەوسنورە لەژێر دەواردا نیشتەجێ و پر چەك كراون .

ئەمانەش بەهەنگاوی ترسناك دادەنرێن، چونكە ئەم جۆرە كارە بەسەرەتایی قۆناغێكی نوێی تری سرینەوەی سیمای كوردەواری ئەوشارە دێت پاش تێپەربوونی چەندین سال بەسەرجێ بەجێ كردنی پرۆسەی راگواستن و بەرعەرەب كردن و پاكتاو كردنی رەگەزی لەوشارەدا.



کەرکوک – قەڵا





## یەکەم : سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(١١)

## نیشتەجێ کردنی فەلەستینیەکان لەشاری کەرکوکدا

حکومەتی عێراق لەرێگای لیژنەی کاروباری باکور( ǿltø Îǁ ȷşűøȉǦȺƨ) بەهاوکاری دەزگا ئەمنی و حزبیەکانیەوەلەهەول دانی بەرداوەمدایە لەپێناو جێ بەجێ کردنی پرۆسەی نیشتە جێ کردنی خێزانە فەلەستینیەکانی نیشتەجێ ی ئۆردوگاکانی خواروی لوبنانە لەناوچەکوردیەکانی ژێر دەسەلاتی ، لەشاری کەرکوك رۆژانە دیاردەی نیشتەجێ کردنی فەلەستینیەکان بەرچاو دەکەوێت هەستی پێ دەکرێت ، هەرچەندە حکومەتی عێراقی لەبەر رای ناوخۆ ولاتانی دەرەوە هەول ئەدات کە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و لەسەرخۆ ئەنجامی بدات ، بەپێ ی بەرنامەیەکی دارێژراو رۆژانە لەگەل راگواستنی خێزانە کوردکان لەشاری کەرکوك دەوروبەری خێزانی فەلەستینی دێنێتە ناو شاری کەرکوکەوە ، چی ئەوانەی خۆیان دێن و جی ئەوانەی حکومەتی عێراق خەرجی هێنانیان دابین دە کات ، هەرچەندە ئەو خێزانە فەلەستینیانەی بەمەبەستی نیشتەجێ بوون دێن بۆ شاری کەرکوك وشارۆچکەکانی دەوروبەری لەسیمایاندا نا ئارامی بەدی دەکرێت بەوەی هەست دەکەن سەرەرای ئەوەی خاکیان داگیرکراوە لەلایەن خەڵکانی ترەوە، ئێستا وەك داگیر کەر هاتونەتەسەرخاکی گەلێکی تر .

هەندێ هەنگاویش نراوە بۆجێ بەجێ ئەم کارە ئەمەش مشتێکە لەخەرواری سیاسەتی حکومەتی عێراقە بەرامبەر بەپرۆسەی راگواستن و بەعەرەب کردنە لەشاری کەرکوك :–

١–لەبەرواری ٢٠٠٠/٥/١٧ ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش هەموو لێپرسراوانی پارێزگای كەركوك و دیالەی ئاگاداركردۆتەوە كەدەبێت هەموو ئەو زەوی زاروخانو بەرانەی خاوەنەكانیان كوردەو دەستی بەسەردا گیراوە نەدرێت بەكەس تا كو خۆیان دابەشی دەكەن بەسەر ئەو خێزانە فەلەستینیانەی دێن لەوشارە نیشتەجێ دەبن .

٢–لەماوەی ٢٠٠٠/٦/١وە تا بەرواری ٢٠٠٠/٦/٢٠ نزیكەی ٢٧٠ خێزانی فەلەستینی نیشتەجێ كراون لەكەركوك لەگەرەكانی ( دۆمیز و وشوقەكانی سەدام ) .

٣–لەبەرواری ٢٠٠٠/٦/١١ بەبریارێكی دیوان رئاسە دەبێت گشت ئەو خێزانەكوردو توركمانانەی نیشتەجێ ی شارۆچكەكانی (دوز ، داقوق ، حەویجە، خانەقین)ن بە عەرەب ناونووس بكرێن بە پێچەوانەوەئەوەی نارازی بێت رادەگوێزرێ بۆ كوردستان یان شارەكانی خوارووی عێراق .

٤–لەبەرواری ٢٠٠٠/٦/١٣ سەباح نوری عەلوان بەناو پارێزگاری شاری كەركوك كۆبونەوەیەكی ئەنجام داوە لەگەل هەندێ لەلێپرسراوانی شاری كەركوك لەوانە ( بەرێوەبەری ئەمنی كەركوك ، بەرێوەبەری ئیستخباراتی كەركوك ، قائیمقامی مەلبەندی شاری كەركوك ، لێپرسراوی هەردووفەرعی كەركوك و تأمیم ی حزبی بەعس ، بەرێوەبەری هەندێ لەهۆبەكانی بەرێوەبەرایەتی ئەمن و ئیستخباراتی كەركوك) ، تیایدا داوای لێكردون زۆر بەووریاییەوە كار بۆنیشتەجێ كردنی خێزانەفەلەستینیەكان و راگواستنی كوردەكانی شاری كەركوك بكەن .

* * *





لەدرێژەی پرۆسەی نیشتەجێ كردنی فەلەستینیەكان لەشاری كەركوك ، چاودێرانی سیاسی كاروباری عێراق پێیان وایە حكومەتی عێراق بەردەوام لەكارو هەنگاوی جیدی دایە بۆ جێ بەجێ كردنی ئەو پرۆسەیە ، لەسەرەتاوە وەك قۆناغی یەكەم بەگواستنەوەی فەلەستینیەكانی نیشتەجێ ی شارەكانی بەغداو ناوەراستی عێراق دەستی پێ دەكات پاشان قۆناغەكانی تری بەدوادا دێت ، لەم ماوەی دوایدا جم و جۆلێكی بەرچاو ی فەلەستینیەكان هەیە لەبازاروجادەكانی شاری كەركوك هەوالەكانی ناوشاری كەركوك و بەغدا وارادەگەیەنن كە فەلەستینیەكان سەردانی شاری كەركوك دەكەن بەمەبەستی دۆزینەوەی ئیش وكار پێش هێنانی مال وحالیان رۆژانە لەشاری كەركوك لە چایخانەو بازارو شوێنەكانی كار بەسەر دەكەناوە ،هەروەك لەقسەو باسەكاندا هاتووە لەماوەی مانگی حوزەیرانی /٢٠٠٠ دەبێت نزیكەی ١٠٠ خێزانی فەلەستینی لە شاری كەركوك نیشتەجێ كرابێت ، ئەوەی جێ ی سەرسورمانە فەلەستینیەكان بەدوای خانوو ئەوەندە ناگەرین وەك بلێ ی كێشەیان نەبێت لەو بارەیەوە ، ئەویش دەگەرێتەوەبۆ چەند بۆچونێك لەوانە :–

* پێ دەچێت حكومەتی عێراقی بەلێنی پێ دابێن كەخانووبەرەیان بۆ دابین بكات ، رەنگە خانوی ئەو خێزانە كوردانەبێت كەحكومەتی عێراقی رۆژانە دەریان دەكات لە شاری كەركوك بۆ كوردستان و خوارووی عێراق .

* یاخو بەلێنی پێ داون كە ئۆردوگایان یان شوقەیان بۆبكاتەوە لەسەر بودجەی حكومەتی عێراقی .

* یاخو بڕێ پارەی زۆریان ئەداتێ كەبتوانن بەئاسانی كرێ ی نیشتەجێ بوون بدەن لەهەركۆێ یەك بێت .

لەلایەكی ترەوەئەنجومەنی نیشتمانی عێراق بریارێكی دەركردوە بۆ هەردوو پارێزگای كەركوك وديالی كەگشت ئەو زەوی زارە گشتوكاڵیانەی خاوەنەكانیان كوردن و لەو دووشارە دەركراوە دابەش بكرێت بەسەر خێزانە فەلەستینیەكان كە لەودووشارە نیشتەجێ دەكرێن لەگەل دابین كردنی ئامێر كەل و پەلی كشتوكاڵی و پێ دانی پارەی عەقاری بەمەبەستی دروست كردنی خانوو .

هەروەهالەبەرواری ٢٠٠٠/٣/١٤ لێپرسراوی شعبەی خانەقینی حزبی بەعس كۆبونەوەیەكی بەگشت ئەندام شعبەوئەندام فرقەكانی حزبی بەعسی شاری خانەقین كردوە، وەپێ ی راگەیاندون كە لەداهاتودا (١٠٠) خێزانی فەلەستینی لەسنوری شاری خانەقین نیشتەجێ دەكرین و پێویستە هەموو كارئاسانیەكیان بۆ بكرێت وە داوای لە حزبیەكان كردوە كە هاولآتیان تێگەیەنن كە ئەمە لەبەرژەوەندی حزب و شۆشەو هەروەها لەهەمان كۆبونەوە داوا لە لێپرسراوە حزبیەكان كراوە كە ئاگاداری گشت سەرۆك عەشیرەتەكانی ناوچەكە بكەنەوە كە هاوكاریان بكەن و یارمەتیان بدەن.

چاودێرانی سیاسی پێ یان وایە بەرژەوەندیەكانی حكومەتی عێراقی زۆر لەوەزیاترە كە بە ئاسانی دەست لەو پرۆسەیە هەلبگرێ ، بەلآم لە حكومەتی عێراقی تاوانبارتر لە و پرۆسەیە ئەو هاولاتیە فەلەستینیانەیە لەو ناوچەیە نیشتەجێ دەبن ، چونكە وەك ئاشكرایە حكومەتی عێراقی هاوكاری هیچ كەسێك ناكات ئەگەر دەسكەوتەكەی زۆر زیاتر نەبێت.





هەر لەمەر ئەم مەسەلەیەلەسەرەتایی مانگی تشرینی یەكەمی دواساڵی سەدەی بیستەوە باس وخواسێك نێوەندەكانی راگەیاندن و چاودێرەسیاسیەكانی وروژان ئەویش هێنانی نزیكەی نیوملیۆن فەلەستینی یە لە ئۆردوگا فەلەستیینیەكانی وڵاتی لوبنان بۆناوچەكوردیەكانی شارەكانی كەركوك ودیالەو موسل ) وە نیشتەجێ كردنیان لەوسنورە ، بەلآم دەرچوونی بریاری ١٢٨٤ دەرهەق بەعێراق و رازی نەبوونی عێراق بەو بریارە وبوونی مەترسی رووبەرووبونەوەی عێراق لەگەل وڵاتانی هاوپەیمان وای كرد كەئەوبریارەرابگیرێ ، لەم ماوەی دوایدا لەنێوەندەكانی راگەیاندن زۆریان لەسەری نووسی و ژمارەیەكی زۆر لەنوسەری كوردو نەتەوەكانی تر نارەزایی خۆیان دەربری ، بەلآم هاتن و نەهاتنی فەلەستینیەكان یاخو راستی دروستی ئەم هەواڵە جێ باس و خواسی چاودێرە سیاسیەكانی كاروباری عێراق و خۆرهەلآتی ناوەراستە ،بەنسبەت فەلەستینیەكانەوە هاتنی ئەوان بۆ سەر خاكی كوردان ونیشتەجێ بوونیان لێ ی كارێكی وا ئاسان نی یە ، ئەوەی شایانی باسە پێ دەچێت حكومەتی عێراقی لەترسی روق وقینەی گەلی عێراقی بەگشتی ومیلەتی كورد بەتایبەتی هەمان سیاسەتی راگواستن لەشاری كەركوك پەیرەوبكات بەشێوازێكی هێمنانەو لەسەرخۆ بە ماوەیەكی دوور درێژ ئەنجامی بدات ،یاخۆد لەشێوەی نیشتەجێ كردنی دەستەو تاقمی بچوك بچوك لەهەموو ناوچە سنوریەكانی حكومەتی هەرێم دابەشیان بكات ،وەك زانراوە لەشاری كەركوك شوێنی هەردووگەرەكی رووخێنراو ساحە تەیەران و شۆرجە كەلەم دووگەرەكە ژمارەیەكی ماڵی زۆری لێ رووخێنراوە لەلایەن حكومەتی عێراقیەوە ئێستا شوێنەكەی بە چۆڵی ماوەتەوە دوو

ئۆردوگا دروست بكات بەم ناوانە (ئۆردوگایەك لەگەرەكی ساحە تەیەران بە ناوی( [illegible] ) وەئۆردوگایەكی تر لە گەرەگی جینگلاوەی شۆرجە بەناوی (مجمع ام المعارك) ئەمە بێجگە لەدیاری كردنی چەندین شوێنی تر لە دەرەوەو دەوروبەری شاری كەركوك وە هەر خێزانێك بری (٥) ملیۆن دیناریان لەسەرەتاوەدەداتیّ ، هەروەها ئەوەتا لەبەرواری ٢٠٠٠/٢/٢٠ لەقائمقامیەتی خانەقینەوە یەكەم بەخشینی مۆلەتی نیشتەجیّ بوون درا بە هاوڵاتیەكی فەلەستینی بەناوی (سەمیر یەعقوب )پاش ئەوەی پێشتر هاوڵاتی ناوبراو داواكاریەكی پێشكەش بە قائمقامی خانەقین كردوە داوادەكات كەرێگای پیّ بدرێت لەناو شاری خانەقین نیشتەجیّ بیّ كەئەمەش سەرەتایەكە بۆ چارەنوسێكی نادیار ودەتوانریّ ناوبراو بەیەكەم هاوڵاتی فەڵەستینی دابنریّ پاش دەرچوونی ئەوبریارە و بەمەبەستی بەعەرەب كردنی خانەقین و نیشتەجیّ بووە لەسەر خاكی كوردستان ، وە ئەگەر نیشتەجیّ بوونی ( سەمیر یەعقوب ) بەپیّ ی بەرنامەیەكی دارێژراوو دراسەكراو ە نەبێت دەبێت مەبەست لەنیشتەجیّ كردنی لەم سات و وەختە چی بێت ویاخود بۆ بەتایبەت شاری خانەقین ؟ !.

**-كوردستانی نویّ ٢٠٠٠/٧/١+كوردستانی نویّ**

**٢٠٠٠/٥/٢٣+كوردستانی نویّ ٢٠٠٠/٣/٩**

* * *

پاش پەردە هەڵماڵین لەرووی پرۆسەی نیشتە جیّ كردنی هاوڵاتی فەلەستینی لە ناوچەكوردنشینەكانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراق و مەحكوم كردنی لەلایەن نێوەندەسیاسیەكانی كوردی و فەلەستینی و رەت





كردنەوەی ئەو پرۆسەیە بەیەكجاری ، حكومەتی عێراقی لەهەوڵ دایە بۆ گۆرینی سیمای پرۆسەكە بەشێوەیەك كەچیتر نێوەندە سیاسیەكان نەورژێنیّ و لەسەر خۆ و بەهێمنی مەرامەكانی جیّ بەجیّ بكات ، سەرەتا بریار وابوو گشت فەلەستینیەكانی نیشتەجیّ ی ئۆردوگاكانی لوبنان لە ناوچەكوردنشینەكانی سنوری هەرسیّ پارێزگای ( دیالە و كەركوك و موسل ) نیشتەجیّ بكرێن پاشتر لەبەر هەندیّ رووداوی چاوروان نەكراو بەلای حكومەتی عێراقی یەوە لەوانە لەسەرهاتنە وەڵامی هەندیّ لایەنی كوردی بەتایبەت یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان و هەندیّ وڵاتی عەرەبی و ئیسلامی تر بۆ یە حكومەتی عێراقی بەناچاری بەنارمەی پرۆسەكەی گۆری و كردی بەدووبەشەوە بەم شێوەیە:—

بەشی یەكەم :دەرگای واڵاكردوەلەبەردەم گشت ئەو فەلەستینیانەی نیشتەجیّ ی وڵاتە عەرەبیەكانن بەتایبەت ( لوبنان و سوریا و ئوردن ) دەیانەوێت بێن لە ناوچەكوردنشینەكانی عێراق نیشتەجیّ بن بۆیان هەیە كرین و فرۆشتنی زەوی و خانوو كەل و پەل بكەن و هەموشتێكیش بە ناویانەوەدەكریّ ، كەئەم كارە تائێستا لە كوردەكان حەرام كراوە، چونكە كوردەكانی كەركوك زیاد لە بیست سالّ دەبێت خانوبەرەو زەوی وزار لەناوشاری كەركوك بەناویانەوە ناكریّ، هەروەها بەڵێنی پیّ داون ئەو فەلەستینیانەی بێن لەوشارانەی دیاریان كردوە نیشتە جیّ بن خانوو پارەیان بدرێتیّ ، وەژمارەیەك لەو فەلەستینیانە بەدەنگ ئەم بانگەوازەوە هاتوون ئێستا نیشتەجێن لەناوچەكوردنشینەكان ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراقی .

بەشی دووەم : ئەو فەلەستینیانەی ئێستا نیشتەجێن لەشارەكانی ناوەراست و خوارووی عێراق هەمان ئیمتیازاتی بەشی یەكەم دەیان گرێتەوەئەگەر شوێنی نیشتەجێ یان بگۆرن بۆ ناوچەكوردنشینەكانی سنوری هەرسێ پارێزگای ( دیالە و كەركوك و موسل ) ، ناوچەكان بەتایبەت بریتین لە ( خانەقین – قۆرەتوو–دوز – دبس –ناو شاری كەركوك – ئالتون كۆپری – گوێر – مەخمور ...هتد) ، لەسەرەتای مانگی ئازاری /٢٠٠٠ دا ژمارەی (١٥) خێزانی فەلەستینی كەپێشتر لە بەغدای پایتەخت نیشتەجێ بوون هاتوون بۆ كەركوك و لەخانوەكانی حی الرشید (دۆمیز ) لەریزی یەكەمی سەرجادەكە نیشتەجێ بوون ، رەنگە ئەم كارە ناوچەو شارەكانی تریشی گرتبێتەوە .وە ژمارەی (٣٠) هەزار كەس بۆ گشت ئەو شارانەی لەسەرەوە ناو هێنراون دیاری كراوە بیجگە لەشاری كەركوك كەژمارەی دیاری كراوبۆی (١٠٠) هەزاركەس دەبێت .

چاودێرە سیاسیەكانی كاروباری عێراق پێیان وایە ئەم پرۆسەیە ئامانجی گەورەی حكومەتی عێراقی بەدواوە بێت و هەروابەئاسانی دەستی لێ هەلنەگرێ و بەكەرەستەیەكی باشی بزانێت بۆ وروژاندنی نێوەندەسیاسیەعەرەبیەكان بەلای خۆیدا ، وەلەدرێژەی خۆئامادەكردنی حكومەتی عێراق بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم پرۆسەیە لەلایەك و روپۆشكردنی لەلایەكی ترەوە بەمەبەستی كەم كردنەوەی هێرشی راگەیاندن ناوەندەعەرەبی و كوردی و جیهانیەكان ، ئێستا لە شارەكانی وەك كەركوك و دیالە و موسل كۆبونەوەی حزبی فراوان ساز دەكرێت و رایدەگەیەنێ كە ئەو پرۆسەیە لەسەر بریاری دیوانی سەرۆكایەتی كۆمار دواخراوە بۆ كات





وساتێكی تر لەبەر ناهەمواری بارودۆخی ناوخۆی عێراق بەڵام حكومەتی عێراقی لێ ی پاشگەز نی یە وسورە لەسەر جێ بەجێ كردنی ئەمەش بەتایبەت لەكۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٠/٣/١٢ ی پارێزگاری كەركوك لەبینایەی فەرعی كەركوكی حزبی بەعس لەگەل هەریەك لە ( امین سر فەرعی كەركوك و تأمیم وبەریوەبەری دائیرەی ئەمنی كەركوك وبەرێوەیەری گشت بەشەكانی دائیرەی ئەمنی كەركوك وگشت لێپرسراوەكانی بەرێوەبەرایەتی پۆلیس كەركوك و ژمارەیەكی زۆر لەلێپرسراوی فەرمانگەكانی تری شاری كەركوك ولێپرسراوەحزبیەكان .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كەئەم لەسەر هەڵدانەی هەندێ لایەنی كوردی بەتایبەت یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان لە خۆوە نەبوەحكومەتی عێراقی پێشوترو ئێستایش خەون بەجێ بەجێ كردنی ئەو پرۆسەیەوە دەبینێت .بۆیە هەق وایە گشت گەلی كورد چی لە ناوەوەودەرەوەی خاكی كوردستانە بەتایبەت ئەورێكخراوانەی بەناوی پارێزگاری لە كوردو شاری كەركوك و ناوچەداگیركاوەكانی خاكی كوردستانەوە ئێستا لە هەندەران كاردەكەن لەوانە( دەستەی بەرگری لەشاری كەركوك ...هتد) كەچی تر بێ دەنگ نەبن چی یان پێ دەكری درێغی نەكەن ئەمەپیلانێكی شۆفێنی رەگەز پەرستیە پاش چەندین ساڵ بەعەرەب كردن و راگواستن دەرهەق بەگەڵی كورد بەگشتی و دانیشتوانی شاری كەركوك و دەوروپشتی بەتایبەتی دەیكەن ، خەباتی ئێستا دژ بە پاكتاوكردنی رەگەزی ناوچە كوردیەكانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراقی بە قۆناغێكی مێژووی ناسكدا تێ دەپەرێت بەشداری كردن

لــە وخەباتــە ســەروەریە بۆگشــت ئــەو لایــەن و رێکخــراو تاکەکەســانەی رووبەرووی دەبنەوە .



کەرکوک – قشلە





## یەکەم : سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(١٢)

### قەدەغەکردنی گفتوگۆ بەکوردی لەفەرمانگەکانی شاری کەرکوك

لەســەرەتای مــانگی تشــرینی یەکــەمی ٢٠٠١ دا حکومــەتی عێــراق لەدرێــژەی سیاسەتی پاکتاو کردنی رەگەزی کوردان لە شـاری کـەرکوك چـەندین بریـاری سەیرو سەمەرەی تـری دەرکردوە کە بەدرێژەدەری بریارەکانی پێشـوو دێـت ، لەوانــە لــەبریارێکی لیژنــەی ئــەمنی شــاری کــەرکوك بــۆ گشــت دائــیرەو فەرمــەنگاکانی ئــەو شــارەدا هــاتوە کــەنابێت چــیتر لــەکاتی ئــەنجام دان و بــەرێوەبردنی کــاری هاولآتیانــدا بــەزمانی غــەیرە عــەرەبی قســە بکرێــت و وەلآمــی هاولاتیــان تـــەنها بــەزمانی عــەرەبی دەبێــت بدرێتــەوە ، ئەمــە لەکاتێکـدا زیـاتر لەسـێ بەشـی فەرمانبــەرانی دائیرەکـان عــەرەب نـین و

لەهەمانکاتیشدا زیاد لەنیوەی دانیشتوانی شاری کەرکوك سەرەرای ئەو هەموو بەعەرەبکردن و راگواستنە عەرەب نین و نەتەوە و کەمەنەتەوەکانی ترن ، هەروەها لەرێگای ئەندامانی حزبی بەعسەوە گشت ئەو فەرمانەبەرانەی ناوەکانیان مۆرکی کوردەواری پیوەیە ئاگادار کراونەتەوە دەبێت ناوەکانیان بگۆرن بۆعەرەبی ئەگینا خۆیان توشی سزای دەرکردن یاخو راگوێزران بدەن بۆ ئەو شارو شارۆچکانەی زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبن ، لەبریارێکی تری نهێنی لیژنەی بەناو کاروباری باکور لەگەل دەزگای حزبیەکانی لەشاری کەرکوك بۆ بەرێوەبەرایەتی بەناو پەروەردەی کەرکوك هاتوە کە دەبێت بەنهێنی گشت ئەو مامۆستایانەی نەتەوەیان کوردەو لەقوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیەکانی گەرەکە کوردیەکانی شاری کەرکوك دەوام دەکەن بگوازرێنەوە بۆ گەرەکە عەرەب نشینەکان و مامۆستای عەرەب لە جێگایان دابنرێت ئەویش لەبەر چەندین هۆ لەوانە تا چیتر نەهێلن منالآنی کەرد بەزمانی کوردی لەگەل مامۆستاکانیان قسەبکەن و لەلایەکی ترەوە خوێندکارانی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی عەرەبی گۆش بکەن .

ئەمانەو چەندین بریاری تری رەگەزپەرستانە کەهەموو ناوەندە بالآکانی دەسەلاتی گرتۆتەوە، کەلەبریارێکی بەناو دیوان رئاسەکە ئاراستەی پارێزگاری کەرکوك کراوە تێیدا هاتوو گشت ئەو خێزانە عەرەبانەی لەشاری کەرکوك نیشتەجێن و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەیان لە (٥) کەس زیاترە بری (یەك) ملیون دینار چاپی عێراقی خەلات بکرێن ، تائەمەش بێتە رێخۆشکەرێك لەبەردەم گشت ئەو خێزانە عەرەبانەی لەو شارە نیشتە جێن





زۆرترین ژمارەی منال بخەنەوە بەوهیوایەیی بتوانن لەم رێگایەوە ژمارەی دانیشتوانی عەرەب لەو شارەدا زیاد بکەن .

هەروەها لەبریارێکی تر بەناو ئەنجومەنی نیشتمانی شورشدا هاتووە هەرچەندە عێراق ولآتێکی فرە نەتەوەو رەگەزە بەلآم ولآتێکی عەرەبیەو لە چوار چێوەی خاکی عەرەبیدایە ، لەبەر ئەوەی پێشتر لەژێر دەسەلاتی حکومەتی عوسمانی بووەو ئەو کاتەش کەس بەئاشکرا نەیتوانیوە نەتەوەی خۆی ئاشکرا بکات دواتریش وەك پاشماوەیەك ئەم نەریتە ماوەتەوە دابراوە بەسەر هەزان خێزان کە تائێستا نەتەوەی خۆیان بەراستی نەنوسیوە بۆ یە بریارماندا بەوەی هەموو ئەندامێکی تەمەن سەروی ( ١٨) سال بۆی هەیە نەتەوەی خۆی بگورێت بە عەرەب پاش ئەوەی خۆی داواکاریەك بە فەرمانگەی رەگەز نامەو باری شارستانی پێشکەش دەکات کە لێی ناونوس کراوە .

هەروەها لەدێژەی زیاد کردنی ژمارەی ئۆردوگای عەرەب نشین لەچواردەوری شاری کەرکوکدا ، حکومەتی عێراق بریاری داوە بەکردنەوەی چەندین ئۆردوگای تازەی تری عەرەبنشین لەنێوان شارۆچکەی (دوز و داقوق)دا هەرچەندە ئەم پلانەی حکومەتی عێراقی لەدرێژەی زیاد کردنی ژمارەی عەرەب و بەعەرەبکردنی ناوچەکە دێت لەشاری کەرکوك بەلآم چەندین مەبەستی تر ی بەدواوەیە وەك دابەش کردنی گشت ئەو زەوی زارە کوشتوکالیانەی ئەوناوچانەبەسەر جووتیاری عەرەبدا و بەکارهێنانیان وەك پشتێنەی ئەمنی بەچواردەوەری شاری کەرکوك لەبەرئەوەی لەگەل نیشتە جێکردنیان پر چەکیان دەکات ، ئۆردوگاکان بەم شێوەیەدابەش کراون :-

پاکتاو کردنی ڕەگەزی لە نێوان سالآنی ٢٠٠٠- ٢٠٠١

ئۆردوگایەك لەڕێگای گوندی شایسوان .

ئۆردوگایەك لەڕێگای گوندی ( البوێباح).

ئۆردوگایەك لەڕێگای گوندی گلی تەپە.

ئۆردوگایەك لەڕێگای گوندی سنگور.

**کوردستانی نوێ ٢٠٠١/١١/٨**



کەرکوک – قەلآ





## یەکەم : سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(١٣)

### قەدەغەکردنی ناونانی منال بەکوردی و نەبوونی باوەر بەو کوردانەی نەتەوەی خۆیان گۆریوە بۆ عەرەب

حکومەتی عێراق دەیەوێت پاکتاو کردنی رەگەزی دابەزینێتە نێو خودی تاکەکانی کۆمەلی کوردەواری وئەو ناوچانەی دەیەوێت بەعەرەبیان بکات ،سەرەرای کاری راگواستنی رۆژانەی خێزانی کورد لەکەرکوک و ناوچەکانی ترو هێنانی خێزانی عەرەب لەشارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق بۆ کەرکوك و نیشتەجێ کردنیان لە ناو خانوو ئەرزەی کوردان ، لەم ماوەی دوایدا ٣٧ خێزانی فەرمانبەری عەرەبی لەگشت شارەکانی عێراق کۆکردۆتەوە هێناونی لەکەرکوك نیشتەجێ ی کردون لە گەل کۆمەلێك ئیمتیازی باش وەك ( پارەی پێشەکی و پلە پایەی ئیداری و حزبی ...هتد )، لە پلانێکی تری دا چەند بریاری گالتە جاری سەیری دەرکردوە کە هەموویان یەکتر رەت دەکەنەوە تەنانەت لێپرسراوەکانیش نازانن چۆن کاریان لەگەلدا بکەن ، ئەو کەسەی گوێبیستی بێت تێ دەگات کە تەنها لەچەند بریارێکی هیستریایانەی سەرشێتانەزیاتر هیچی تری لێناکەوێتەوە ، هەروەها تێدەگەن کە ئەم حکومەتە چەند رقوقینەی حەشارداوە دژ بەگەلی کوردو ئەوەی دەیەوێت بیکات هیچی کەمتر نی یە لەکارەساتەکانی ئەنفال و کیماباران و سوتماك کردنی خاکی کوردستان کە لەهەشتاکانی سەدەی رابردودا بەسەر گەلی کوردیان هێناوە .

لەماوەی مانگی ٢٠٠١/٨ لە دەزگا بالآكانی حكومەتی عێراق ئەم بریارانە ئاراستەی لیژنە ئەمنیەكانی پارێزگاكان و لێپرسراوی فەرعەحزبیەكان و شوێنە پەیوەندی دارەكان كراوە لەوانە :-

لەناوەراستی مانگی ئابی ٢٠٠١دا نوسراوێك لە دیوانی بەناو رئاسەوە بە ژمارە (٤٣١٠٧) ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆكراوە لەوێشەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندی دارەكان لەشارەكان كراوە ، داوادەكات ئەو خێزانانەی نەتەوەی خۆیان گۆریوە لە كوردەوە بۆ عەرەب هەول بدەن ناوی ئەندامانی خێزانەكانیان كوردیە ناوێكی عەرەبی بەرامبەری هەیە بیكەن بەعەرەبی یان ناوی ناوچەیاخو چیایەكی كوردیە بیگۆرن بەعەرەبی یان ئیسلامی ، دیارە مەبەست لەم بریارە ئەوەیە كە ئەو ناوانەی وەك ئارام بكرێتە (Ȁǽlȍ) ودیار بكرێتە (ȀȽlȘ)...هتد ، ئەوناوانەش مۆركی كوردەواری پێوەیە وەك ناوی چیاكانی كوردستان و ناوی گوند وناوچەكانی كوردستان بكرێنە ناوی عەرەبی یان ئیسلامی دور نی یە مەبەستی لەناوەكانی وەك ( ȘǽȘ ȚløȍȞȌJl ǕǺlار...هتد) نەبێت بەتایبەت لەكاتی لەدایك بوونی مندالی تازەدا .

لەسەرەتایی مانگی ئابی ٢٠٠١ وەزارەتی ناوخۆ نوسراوێكی ئاراستەی بەشی (ȍlÔǵl) ی پارێزگای كەركوك كردوە وە نوسخیەیەكی ئاراستەی چەند پارێزگایەكی تریش كراوە ، داوادەكات لەكاتی راگواستنی هەرخێزانێكی كورد لەشاری كەركوك ، ئەونوسراوەی بۆی دەكرێت لە پارێزگاوە بۆ پرسگەكانی رێگای نێوان شارەكان ژمارەو بەرواری ناراستی ( وهم)ی لێ بدەن و بەهیچ شێوەیەك لای خۆیان تەسجیل نەكرێت ، دیارە مەبەستیش لەم بریارە تەنها بۆ ئەوەیە كەلەكاتی حساب و كتابە لەلایەن لایەنێكی بەرپرسەوەبەتایبەت





لایەنێكی وەك نەتەوەیەكگرتوەكانەوە نەزانرێت یاخو بەلگەیەكی زیندو نەبێت لەبەردەست حكومەتی عێراقی چەند خێزانی كوردی لەشاری كەركوك راگواستوە،تائەمانیش بەئاسانی نكۆلی لیّ بكەن ، لەهەمان كاتیشدا بەلگەی لەو جۆرە دەستی كەس نەكەوێت .

هەر لەسەرتایی مانگی ئابی ٢٠٠١دا سەركردایەتی حزبی بەعس نوسراوێكی ئاراستەی لقەكانی حزبی بەعس كردوە لەشارەكانی باكوری عێراق ، داوادەكات لە و رەفیق حزبیە كوردە بەعسیانەی نەتەوەی خۆیان گۆریوە بەعەرەب و مەكرەمەی بەناو حزبی بەعس دەیانگرێتەوە بۆ وەرگرتنی پارچەزەوی دەبێت لەدەرەوەی شارەكانی ( كەركوك و موسل و دیالەو تكریت و بەغداد)زەویان بدرێتی ، بەتایبەت شارەكانی ناوەراست و خواروی عێراق ، ئەمە سەرەرای ئەوەی گشت ئەو حزبیانەی لەپاش سالی ١٩٩٢ لەشارەكانی ژێر دەسەلاتی حكومەتی هەرێمەوە رۆیشوتن بۆ شارەكانی ژێر دەسەلاتی حكومەتی عێراق نەتەوەی خۆیشیان گۆریوە بۆ عەرەب لەگشت ئیمتیازەكانی وەك كریّ خانووهاوكاری مادی پیّ بەش كراون بەبیانووی ئەوەی پیّ دەچێت بەشداری راپەرینەكەیان كردبێت ، پێیان دەلێن بۆچی لەراپەرین كە ئەوان پیّ ی دەلێن (ǦøɸlیاƖl Ș رǼø8Jl ǦHUȦøȍ) هەلنەهاتی و لەكوردستان مایتەوە.

## كوردستانی نویّ ٢٠٠١/٩/٤



کەرکوک – شەقامی شارەوانی





## یەکەم: سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(١٤)

## هاندانی کچانی کورد تاشوو بەعەرەب بکەن !!!

لەسەرەتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا نەتەوەیەکگرتوەکان لەرێگای رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە پاکتاوی رەگەزی وەکو کارێکی دژ بەمرۆڤایەتی رەتکردەوە وئیدانەی کرد و بەکارێکی درێوو دژ بەمرڤایەتی لە قەلەمداو ،ئەو کردارانەی دەچنە خانەی پاکتاو کردنی رەگەزیەوە لەچەند خاڵێکدا ریز بەند کرد ،گرنترینیان لەوانە گواستنەوەی بەزۆر لەزێدی باوپایرانیان وسرینەوەی رەوشت وداب ونەریتە کۆمەلایەتیەکانی هەرنەتەوەیەك ولێك جیاکردنەوەی ژن لەپیاو مندال لەدایك و باوك و گۆرینی ناسنامەی نەتەوە بەزۆر ...هتد .

حکومەتی عێراقیش بەمەبەستی پاکتاو کردنی رەگەزی کورد لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ، قەوارەی پرۆسەکەی لە سیاسیە وە یان لەتاکتیکێکی رۆژانەوە یان لەکارێکی کاتی و زادەی هەلومەجێکی تایبەتەوە و گوریوە بۆ ستراتیج و بەشێوەیەك کەهەموو بوارەکانی ژیانی رۆژانەی کوردەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بگرێتەوە وەك بلێیی بێجگە لەکاری تەعریب و تەرحیلی کوردان هیچ کێشەو گیرو گرفتی تری نەبێت ، تەنانەت لەهەولی پەل هاویشتنە بۆبچوکترین ووردەکاریەکانی رۆژانەی ژیانی ناو هەموو خێزانێکی کورد .

هەوەها هەموو ئەو خاڵانەی لەجارنامەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان هاتووە لەسەر پاکتاو کردنی رەگەزی بەزیادەوە ئەنجام داوە دەرهەق بەگەلی کوردستان ،وەك راگوێزانی کوردان لەشوێنی نیشتەجێ ی باو

باپیریان بەتایبەت لەشارەکانی کەرکوك و خانەقین و دوز و مەخمورو گوێر و قەراج و شەنگارو ...هتد هەروەها گۆرینی ناسنامە ونەتەوەی کوردان بەزۆر لەکوردیەوە بۆ عەرەب و هێنانی خێزانی عەرەب لەشارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق بۆ شارەکانی کوردستان بە تایبەت شاری کەرکوك و گۆرینی ناوی گەرەك و شەقام و قوتابخانەو ...هتد لەکوردیەوە بۆ عەرەبی ئەمە بێجگە لەگرتن و کوشتنی ژمارەیەکی زۆری کوردەکانی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی بەمەبەستی قر کردنیان ، لەگەل ئەوانەشدا چەندین کرداری تر وەك دابەشکردنی زەوی زاری کورد بەسەر ئەو خێزانەعەرەبانەی لەناوچە کوردیەکان نیشتەجێ کراون و چەکدار کردنی کوردەکان بەزۆر لەریزی فدائیی سەدام و جەیش قودس و تاوایان لێبکات خۆیان شارەکوردیەکان بەجێبهێلن .

لەنوێترین پلانی حکومەتی عێراقدا کە بەشێوەیەکی نهێنی لەگشت پارێزگاکانی عێراقدا کاری پێدەکرێت ئەویش داواکردنە کورە لاوە عەرەبەکان کە کچی کورد بخوازن ئەو کارەش بە ( یەکێتیٚ لاوانی بەناو عێراق ) راسپێردراوە ، ئەویش بەوەی حکومەتی عێراق بریٚ پارەی دیاری کردوە بۆ هەر کورێکی لاو زوو ژن بخوازێت بەلآم ئەگەر بێتو ژنەکەی کورد بێت ئەوە یەك ملیون دیناری زیادی پیٚ دەدرێت ، مەبەست لەم کارەش ئاشکرایە ئەویش لەبەر ئەوەیە کە لە یاساکانی عێراقدا ئەسل و فەسل دەگەرێتەوەبۆ سەر پیاو ژن لەیاساکانی عێراقدا هیچ رۆلێکی نیە لەدیاری کردنی نفوس و نەتەوەدا ، ئەگەر ئەم کارەش بەردەوام بێت کاریگەری سلبی خۆی دەبێت لەسەر گەلی کورد بەتایبەت لە کەم کردنەوەی ژمارەدا ، ئەمە بێجگە لە چەندین کاری تری شاراوە .

**کوردستانی نویٚ ٢٠٠١/٧/٢٩**







کەرکوك – نەخۆشخانەی کۆماری

## یەكەم :سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی

(١٥)

## دانانی بەربەست لەرێگای راپەراندنی كاروباری هاولاتیانی كورد لەشاری كەكوك

راستە سیاسەتی بەعەرەب كردن و راگواستن مێژوویەكی دورو درێژی لە شاری كەركوك وزۆربەی شارو شارۆچكەكانی تری كوردستان هەیە، بەتایبەت لەسەردەستی حكومەتی ئێستای عێراق ،بەلام ئەوەی جێ ی سەرنجە لەم سالانەی دوایدا چەندین شێوازێكی ترسناكی لەخۆ گرتوە، كە رێچكە تەقلیدیەكەی خۆی شكاندووە لەمێژووی ئەم سیاسەتە نەگریسەدا كەم وێنەیە ، لەوانەدوابریاری ژمارە (٢١٧٢١) كە لەبەرواری (٦/٨/٢٠٠٠)لەلایەن دیوان رئاسەی حكومەتی عێراقە وە ئاراستەی بەناو پارێزگای كەركوك كراوە،پوختەی بریارەكەش بەم شێوەیە:-

(لەدیوان رئاسەوەبۆ پارێزگای كەركوك ،نهێنی و تایبەت ، بە گشت دام و دەزگاكانی شارەكەتان رابگەیەنن ، هەول بدەن بەربەست دروست بكەن لەبەردەم راپەراندنی معامەلەی هاولاتیە كوردەكانی دانیشتوانی شارەكەتان وەك :-

١-هەموو معامەلەیەك تا سەرەك خێزانەكە ئامادە نەبوو رایمەپەرێنن .

٢-تەئكید لە هەلوێستی سەربازی سەرەك خێزانەكە بكەنەوە .





٣-داوای پسولەی شوێنی دانیشتن ( تأید السكن ) بەبەرواری رۆژی مامەلەكە بكرێت لەسەرەك خێزان.

٤-داوای بەلگەی سەرژمێری پارێزگای (ĞøŢİlǂl ŏlÔģl) لێبكرێت بزانرێت نفوسی خۆی گۆریوە لەكوردەوەبۆ عەرەب ، ئەگەر نا مامەلەكە رەت بكرێتەوە.

٥-هیچ مامەلەیەكی وەك كرینی خانوو وزەوی ئۆتۆمۆبیل بۆ كورد جێ بەجێ مەكەن .

٦-لەكاتی دەركردنی ناسنامە بۆ منالەكانیان دەبێت ناوەكانیان ئیسلامی بێت نەك كوردی)

هەرچەندە لەنوسراوەكەشدا ئاماژەی پێ نەكراوە، بەلام پێ دەچێت دەقی هەمان نوسراوئاراستەی هەریەك لە پارێزگای دیالەو موسل یش كرابێت ،حكومەتی عێراق مەبەستی لەم بریارەزیاتر بۆ تەنگەتاو كردنی كوردەكانی دانیشتوی ئەوشارەیە تا نارەحەتی وایان لێبكات ئەو شارە بەجێ بهێلن یان رەگەزی خۆیان بگۆرن لەكوردەوە بۆعەرەب ،ئەم بریارەش لەتەك بریارێكی تری حكومەتی عێراقیدا دێت كەباس لەدابەش كردنی زەوی نیشتەجێ بوون دەكات بەسەر سەدان كەس لە كاربەدەستانی و سەربازی وئەمنیەكانی ئەوشارە، بەومەرجەی لە ماوەی كەمتر لە(٥) سال بكرێت بە خانوو ،ئەگەر نا زەویەكانیان لێ دەسێندرێتەوە ، جگە لەوەش ئیمتیازی دابەش كردنی زەی وزاری كوشتوكالی و تەجهیز كردنی ناومال و دانی بری یەك ملیون دیناری چاب و پاراستنی سەرو مالیان پێدراوە، چاودێرانی سیاسی پیان وایە ئەم

بڕیارانـەش  درێـژەپێ دەری بڕیارەكـانی دیكـەی حكومـەتی عێراقـە لـەپێناو پاكتاو كردنی ڕەگەزی كورد لەشاری كەركوك.

**كوردستانی نوێ ٢٠٠٠/٩**



کەرکوک – بازاڕی قۆریە





## یەکەم : سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(١٦)

## پاش گەزبوونەوەی عەشیرەتە عەرەبەکان لەنیشتەجێ بوون

پاش ئەوەی لەسالی ۱۹۹۹دا چەندین ئۆردوگای عەرەب نشین کرایەوە لە چواردەوەری شاری کەرکوك بەتایبەت لە ناوچە سنوریەکانی شاری کەرکوك لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئەویش بە هێنانی خێزانی عەرەب لەدەرەوەی شاری کەرکوك و نیشتە جێ کردنیان لە شێوەی ئۆردوگاو دابەش کردنی ناوچە سنوریەکانی شاری کەرکوك لەگەڵ حکومەتی هەرێم بەسەر عەشیرەتەعەرەبەکان ، بەڵام وەك لەناوىرۆکی دەسنوسی کۆبونەوەیەکی لێپرسراوە حزبی و ئیداریەکانی شاری کەرکوك دەردەکەوێت کە ئەو سەرۆك عەشیرەتانە پاش گەز بوبێتنەوەلەو بەڵێنانەی داویانەو حەز بەنیشتەجێ بوون نەکەن و ئەو پرۆسەیە رەت بکەوەنەوە، ئەم کارەش لێپرسراوانی حزبی و ئیداری شاری کەرکوکی نیگەران کردوەوفشارێکی زۆریان خستۆتەسەریان ، لەبەر ئەوەی کردنەوەی ئەو ئۆردوگایانە بێجگە لەتەعریب کردنی شاری کەرکوك چەندین مەبەستی سیاسی و سەربازی تری بەدواوەیە لەوانە :–

* بۆپاراستنی ناوچەکە و بەکارهێنانی ئۆردوگاکان وەك پشتێنەیەکی ئەمنی.
* سوود وەرگرتن لەبەربوومی کوشتوکاڵی ناوچەکە بەتایبەت لەوەراندنی مەرو ماڵات .* رێگا گرتن لە کاری قاچاخچێتی ونزیك بوونەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە .

ئەمانەو چەندین مەبەستی تر ، لەئەنجامی بەستنی کۆبونەوەیەکی فراوانی لێپرسراوانی حزبی و ئیداری شاری کەرکوك لە کۆتایی ساڵی ۱۹۹۹لە بینایەی بەناو پارێزگای کەرکوك لێپرسراوانی کەرکوك نوسراوێك بەرزدەکەنەوە بۆ( [illegible] ) تا لەلایەن ئەوانەوە لێکۆلینەوە بکرێت لەگەڵ سەرپێچی کەران وفشار بخرێتە سەریان ، تێداپاش نارەزای دەربرین سەرۆك و شێخی عەشیرەتە عەرەب نشینەکانی ئۆردوگاکانی دەوروبەری شاری کەرکوك بەم شێوەیە هەڵدەسەنگێنن :–

| ژ | ناوی ئۆردوگا | ناوی عەشیرەت | ناوی سەرەک عەشیرەت | ژمارەی خێزان | تێبینی لەسەر سەرەك عەشیرەتەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | [illegible] | [illegible] | مکی سەید تەها سەید عواد | ٤١ | شێخەکەیان لاوازە ، گوێ نادا بەهیچ، دەسەلآتی نیە بەسەر عەشیرەتەکەیەوە،بڕی٧ ملێون دینار تۆو وکەل و پەلی کێلآنی وەرگرتوە،پێمان باشە عەقدەکانی پوچەڵ بکرێتەوە. |
| ٢ | [illegible] | [illegible] | علی عبدالله | ٢٣ | تا ئێستا یەك جوتیار نیشتە جێ نەبووە |
| أ | | [illegible] | عبدالله | عەقدەکانی تەزویرە | شێخەکەیان فێلبازە ، کورەکەی سەربازی هەڵهاتوە |
| ب | | [illegible] | سامی عبدالله | ٢٦ | شێخەکەیان ئیلتزامی نی یە ، درۆزنە فێلبازو فرو فێلاویە ، یەك خانووی دروست نەکردووە |
| ٣ | [illegible] | [illegible] | | ٢٠ | فێلبازە ، بێ ئیلتزامە |
| ٤ | [illegible] | [illegible] | سەید خلف | ٤٠ | شێخەکەیان باشە ، عەشیرەتەکەیان خراپە ٣٢ خێزان ئۆردوگاکەیان بە جێ هێشتووە |
| ٥ | [illegible] | [illegible] | عمر محمد احمد | ٢٣ | کێشەیان زۆرە ، هەموو کات لە هەوڵ دانی گۆرینی خاوەن عەقدەکانە |
| أ | | [illegible] | حاتم شهاب | ٣٠ | بێ ئیلتزامە ، یەك خێزان نیشتە جێ نەبووە |
| ب | | [illegible] | سەید حاتم | ٢٤ | ئیلتزامی هەیە بە نیشتەجێ بوونەوە بەلآم بەشێوەی تاکەکەس نەك خێزان |





بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك پرۆسەیەکی کاتیەو هەرگۆرانێك بەسەر حکومەتی ئێستای عێراق بێت گشت ئەو بریارو کارانەی ئەنجام دراوە پوچەڵ دەبێتە وەك ئەوەی رووی دالەبەهاری سالی ١٩٩١ پاش ئازاد کردنی شاری کەرکوك گشت ئەو خێزانە عەرەبانەی کە لە شارەکانی خوارو ناوەراستی عێراقەوە هێنرابوون بەمەبەستی بەعەرەب کردنی شاری کەرکوك هەموویان شارەکەیان چۆل کردوو تائێستا زۆربەیان هاتنەوە بۆ شاری کەرکوك رەت دەکەنەوە هەرچەندە حکومەتی عێراقی فشارێکی زۆری خستۆتەسەریان بەمەبەستی گەرانەوەیان ، هەمان شت سەبارەت سەرۆك عەشیرەتەکان هەرچەندە لەسەرەتاوە رازی بوون بەو مەرچانەی بۆیان دیاری کراوە، بە لآم دواتر خۆیان دەدزنەوە لە جێ بەجێ کردنی بەڵێنەکانیان و نیشتە جێ بوون لە ناوچە کورد نشینە کان رەت دەکەنەوە وەئەم کارەش دەگەرێتەوە بۆ چەندین هۆ لەوانە:—

*پێ دەچێ رازی بوونیان لەسەرەتاوە لەژێر فشارو ترسی دەسەلآت داران بێت .

* لەترسی بێ بەش بوونیان لە کۆمەلێ ئیمتیازات رەنگە بەو عەشیرەتانەبدرێت کە لەسەرەتاوە رەزامەندی دەردەبرن .

* بەمەستی وەرگرتنی زەوی وزارێکی زۆری کشتوکالی .

* پێ دەچێ بەڵێنی سەرەك عەشیرەتەکان بێت بێ رەزامەندی خێزانەکانی عەشیرەتەکە ، بۆیە ئەوانیش ئامادەنین تێدا نیشتەجێ بن .

* بۆیان روون بوەتەوە کە حکومەتی عێراقی لەدڵسۆزی نی یە بەڵکو ئەم کارەی بۆمەبەستی سەربازیە ئەویش بەشەر دانیان لەگەل کوردەکان.

* تەنها بەمەبەستی دەسکەوتی مادی لەسەرەتاوە رازی بوون ، پاش وەرگرتنی پارەو کەلوپەلێکی زۆری خانووبەرە ئێستا پاشگەز بوونەتەوە.

**کوردستانی نوێ ٢٠٠١/٤/١٢**





## یەکەم : سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی

(١٧)

## پاکتاوی رەگەزی کوردان و (١١) سبتمبەری ٢٠٠١

لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لەکاتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان گوزی کاریگەرو کەمەرشکێنی لەسوپایی عێراق دەوەشاند لەبەرەکانی چەنگدا دەیبەزاندن ، حکومەتی عێراق لەرێگای دەزگا ئەمنی و حزبیەکانیەوە دەکەوتەوێزەی کوردەکانی ناوشارەکان ،وەك روون و ئاشکرابوو پێشمەرگەکانی سنوری گەرمیان و کەرکوك لەگشت ناوچەکانی تر زیاتر کاری چالاکی سەرکەوتوانەیان ئەنجام ئەداو بەهۆی نزیکیان لەسوپای دوژمنەوە، بۆیە حکومەتی عێراقی بێجگە لەچاوبرینی بۆخێرو بێری وگرنگی ستراتیجی شاری کەرکوك ،کوردەکانی ئەوشارەو ناوچەکانی دەوروپشتی کردبووە دەسکەلا ولەگەل ئەنجام دانی بچوکترین چالاکی هێزی پێشمەرگە ئەم لەشارەکان کەسوکاری پێشمەرگەو ئەو خێزانانەی بەعسی نەبوون رادەگوێزان و دەربەدەری دەکردن و مالی حجز دەکردن و تەنانەت خانوەکەنیشیان بەسەردا دەروخاندن.

هەورەها لەناوشارەکانیشدا لەهەرگەرەکێکدا رێکخستەکان چالاکیەکیان ئەنجام بدایە، دەزگا ئەمنی و حزبیەکان ئەومالانەی دەوروپشت روداوەکەی دەربەدەردەکرد و دەیگرتن و رایدەگوێزان بۆشارەکانی تری کوردستان یان هەرنەبوایە چەند مالێك کەکوریان یان یەکێکی نزیکیان لە گەل هێزی پێشمەرگەبوایە یاخو گومانی ئەوەیان لەسەربوایە دژ بەحکومەت کاردەکەن پاش گرتنی ئەندامێکی خێزانەکانیان لە کەرکوك دەری دەکردن.

هەروەها حكومەتی عێراق بەمەبەستی ئەوەی بتوانێت زیاتر كۆنترۆڵی شاری كەركوك بكات و بیكاتە شارێكی عەرەبی بەدرێژایی ماوەی دەسەلاتی دەستی كرد بەهێنانی خێزانی عەرەب لەشارەكانی ناوەراست و خواروی عێراق و نیشتەجێ كردنیان لەشاری كەركوك، دەیان گەرەك و ئۆردوگای عەرەب نشینی لەناوچەقی شـــــاری كەركوك و دەوروبەریدا بۆكردونەتەوەلەوانە ( قادسیە وحی النسرو و حی واحد حزیران و حی عەسكەری و حی رشید ....هتد ).

بەهەمان شێوە سالانی دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١وە هەرچەندە بەردەوام حكومەتی عێراق لەكاری راگواستن و هێنانی عەرەب بۆشاری كەركوك نەوەستاوە ، بەلام لەگەل سەرهەلدانی هەموو تەنگەژەیەكدا لەگەل نەتەوەیەكگرتوەكان و ولاتە هاوپەیمانەكاندا ، دەسەلاتدارانی عێراق لەگەل خۆ ئامادە كردنیان بۆ رووبەرووبونەوەدەستیان كردوە بەئەنجامدانی شالاوی راگواستن و هێنانی خێزانی عەرەب بۆ شاری كەركوك ، لەكاتی هێوربونەوەی بارودۆخە نێو دەولەتیەكان حكومەتی عێراقیش شالاوی راگواستن و هێنانی خێزانی عەرەبی بۆشاری كەركوك كەم كردۆتەوە ، بەپێچەوانەشەوە زیادی كردوە .

بەلام لەپاش روودانی كارەساتەكەی ٢٠٠١/٩/١١ لەهەردووشاری نیویورك واشنتنی ئەمەریكا ، سەرهەلدانەوەی تەنگەژەیكی نوێ لەنێوان ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی و حكومەتی عێراقدا شلەژاندنی بارودۆخی جیهان بەگشتی ، زیادبوونی ئەگەری لێدانی لەئەنجامی تومەت باركردنی بەوەی دەستی هەبوە لەو كارەساتە دلتەزێنە لەناوخۆدا چەندین رێوشوێنی توند وتیژی گرتۆتەبەر دژ بەهاولاتیانی شارەكانی عێراق بەگشتی و شاری كەركوك و هەندێ





لەشارەكانی خوارووی عێراق بەتایبەتی ، یەكێ لەو هەنگاوانەی ئەنجامی ئەدات لەشاری كەركوك بێجگە لە ترساندن و تۆقاندنی كوردانی ئەوشارە بەوەی ئەگەر هەچ رووداوێك رووبدات لەناوچە كوردیەكان خانوەكانیان بەسەردا تەخت دەكات و خێزانەكەش كوللە باران دەكات ، دەستی كردوە بە شالاوی راگواستن و هێنانی خێزانی عەرەب بۆشاری كەركوك بەشێوەیەكی ئێجگار زۆر ، رۆژانە خێزانی كورد بەبیانوی جۆراوجۆر لەشاری كەركوك رادەگوێزێت بەتایبەت ئەو خێزانانەی لەگەل حزبی بەعسدا نین یان یەكێ لەئەندامانی خێزانەكەیان لەكوردستان یان لە هەندەران نیشتەجێ یە یاخو ئەندامێكی خێزانیان لەریزی هێزی پێشمەرگەی كوردستانە ....هتد ، هەروەهالە لەگەل توند بوون و ئالۆزبوونی كێشەكان ئەویش زیاتر سورەلەسەر راگواستن و بەعەرەب كردن ، رۆژانە دەیان خێزان دەردەكرێن بۆكوردستان ، بۆیە داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین بێدەنگی لێنەكات ئەم تاوانەی حكومەتی عێراق بخرێتە پال ئەو تاوانانەی تری كەپێ ی تومەت باركراوەو داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش و رێكخراوەكانی مافی مرۆڤی ســـــەربەنەتەوەیەكگرتوەكان بكرێـــــت كەلـــــەرێگای بریـــــارە نێودەولەتیەكانەوەسنورێك بۆحكومەتی عێراق دابنرێت تاچیتر لەئەنجامی هەرتەنگەژەیەكی عێراق لەگەل كۆمەلگای نێو دەولەتیەكورد نەبێتە سوتەمەنی.

**كوردستانی نوێ ٢٠٠١/١٢/١٣**



کەرکوک– محاکم

# بەشی دووهەم
# بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی







کەرکوک– پردی یەکەم

## دووهەم: بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی

(١)

### بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی پاكتاو كردنی رەگەزیی ، هیمەتی هەموانی دەوێت

راگواستن و بەعەرەب كردنی شاری كەركوك لە سایەی دەسەڵاتی حكومەتی ئێستای عێراقدا لەساڵانی ١٩٦٣ وە تارۆژیی ئەمرۆ درێژەی هەیە و روو لەگەشەكردن بووە ،ئەمەبێجگە لەسیاسەتی حكومەتەكانی پێشوو، لە كودەتا چەند مانگیەكەی ١٩٦٣ ی حزبی بەعس ، دەستیان كرد بە وێران كردن ورووخاندنی دەیان خانووبەرەی گەرەكە كوردنشینەكانی ناو شاری كەركوك لەوانە گەرەكەكانی (شۆریجەو عەرەسەو ساحە تەیەران ...هتد) ، هەروەها لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٨وە بەچەند هەنگاوێكی سەرەتایی دەستیان پێ كرد ئەویش بەچۆل كردنی چەندین ناوچە و گەرەكی دەوروبەری شار بەناوی (ĞŋĂ‡l ĘüĹŀţl) وەكو گوندەكانی شۆراوە و پەنچا عەلی و گوندەكانی دەوروبەری بیرە نەوتەكانی بابەگورگور و سەربازگەی یایچی وسەربازگەی خالید و چەندین شوێنی تر، دواتر بەوەش نەوەستان بریاری كرینی زەوی و خانو بەرەیان لە ناوشاری كەركوك قەدەغەكردو بەتایبەت ئەو گەرەكانەی دانیشتوانی كوردی كەمتر تێدابوو وەك (شاترلو بەگلرو قۆریەو ئەحمەد ئاغای كۆن و ...هتد )، لەدوای ئەوەش هەستان بە دابرانی ژمارەیەكی زۆر لە قەزاو ناحیەكانی سەربەشاری كەركوك ولكاندنیان بەسنوری شارەكانی ( سلێمانی و هەولێرو تكریت و دیالە)وە كە ئەمەش بەكاریگەرترین قۆناغی





بەعەرەبكردنی شاری كەركوك دادەنرێت ، وەك گواستنەوەی قەزای چەمچەماڵ و كەلار بۆ سەرسنوری پارێزگای سلێمانی قەزای كفری بۆ سەر پارێزگای دیالە، دابرینی قەزای دوزلە پارێزگای كەركوك و لكاندنی بەسنوری پارێزگای تكریت ، گواستنەوەی ناسنامەی خەلكەكانی ناحیەی قەرەحەسەن و قەرەهەنجیرو شوان و حەسار لە پارێزگای كەركوكەوە بۆ پارێزگای هەولێر ...هتد ،ئەمە بێجگە لەوەی كەبەشێوەیەكی بەردەوام كەم تا زۆر لەسەرەتایی حەفتاكانەوە تا رۆژایی ئەمرۆ خەریكی دەركردنی خێزانەكوردەكانن لەناو شاری كەركوك بۆ شارەكانی تری كوردستان و شارەكانی خوارو ناوەراستی عێراق ، هەروەها و لەهەمان كاتدا بەشێوازێكی بەردەوام خەرێكی هێنانی خێزانی عەرەبن لەشارەكانی خواروو ناوەراستی عێراقەوە بۆ ناو شاری كەركوك وە بۆ ئەو مەبەستە چەندین گەرەكی عەرەبنشینی كردۆتەوە لەوانە (ﺍﻟﻠﮔﻴﺪ ﺇﻠﺣﺇ ﻭ ﺍﻟﻠﮔﻴﺪ ﺍﻟﺜﺎﻧﻲ ﻭ ﺍﻟﺄﻓﻚ دار ﻭ Ʊǵ ﺍﻟﺄﻳﮋﺍﻥ ﻭ Ʊǵ ﺍﻟﺴﺰﻟﻢ ﻭ Ʊǵ ﺍﻟﻮﺍﻟﻲ ﻭ ﺇﺷﺒﻴﻠﻴﺔ ﺍﻟﺄﺧﺮ ... ﺍﻟﺦ ) . حكومەتی عێراقی لەماوەی ئەو چەند سالەدا ناوی زۆربەی گەرەك و شەقام و كۆڵان و قوتابخانە كوردیەكانی گۆریوە بۆ عەرەبی لەوانە گۆرینی ناوی گەرەكی شۆرجە بۆ (حی القدس)و ناوی قوتابخانەی ئامادەیی كوردستان بۆ (عبد الملك بن مروان) و قوتابخانەی كاوە بۆ (ﺍﻟﻠﮕﻴﺚ ﺍﻟﺒﻦ ﺍﻟﻮﻟﻴﺪ ) ودواناوەندی شۆریجە بۆ (رسالە) ...هتد ، ئەوەی شایانی باسە رزگاركردنی شاری كەركوك لەبەهاری ١٩٩١ گشت ئەوپرۆسەو بەرنامانەی حكومەتی عێراقی پوچەل كردەوە جارێكی تر كەركوك كوردایەتی خۆی ناساندەوە بەمێژوو.

لەپاش راپەرین ناوچەیەكی هێمن و ئازاد لەژێر چاودێری هاوپەیمانەكان وەبەهیمەتی تێكۆشەرانی گەلی كوردستان لەسنوری هەرسێ پارێزگای (سلێمانی و هەولێرو دهۆك و وناوچەیەكی فراوانی سنوری پارێزگای كەركوك ) بۆ گەلی كوردستان پێكهێنرا ، جارێكی ترشاری كەركوك كەوتەوەژێر دەسەلأتی حكومەتی عێراق وە ، ئەویش بەبەرنامەو نەخشەو پلانێك لە جاران زیاتر كەوتە وێزەی ئەو شارەو تاچی پێ دەكرێ لەبەعەرەب كردن و راگواستن درێغی نەكات ،بەكردنەوەی دەیان ئۆردوگای گەور هوبچوكی عەرەب نشین لەدەوری شاری كەركوك ، بەتایبەت ناوچەسنوریەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دابەش كردنی زیاتر لە (١٠) هەزار پارچەزەوی بەسەر خێزانی عەرەب بەتایبەتی ئەوانەی لە خوارو و ناوەراستی عێراقەوە بەئارەزووی خۆیان هاتوون لەكەركوك نیشتەجێ بن ،تملیك كردنی گشت ئەو زەوی و زارانەی ناوچە كورد نشینەكانی دەوروبەری شاری كەركوك وەك ( قادركرم ، لیلان ، سیامەنسور وسالەیی ومامشەو ...هتد) بۆ سەر عەشائیرە عەرەبەكانی نیشتەجێ شاری كەركوك و دەوروپشتی ،گۆرینی ناوی چەندین گەرەكی تری شاری كەركوك لەكوردیەوە بۆ عەرەبی، وەك گۆرینی ناوی گەرەكی بەرتەكیە بۆ( حی المامون )، گەرەكی پریادی بۆ (Ʉǵ ȀÔȺǁ )، گەرەكی ئیمام قاسم بۆ (حی صدام )، گەرەگی حسیرەكە بۆ (حی المیلاد )،رۆژانە ش بەبیانوی جۆراو جۆر خێزانی كورد لەوشارە رادەگوێزێ بۆ شارەكانی تری كوردستان و ناوەراست و باشوری عێراق . لەئەنجامی سەرژمێری ساڵانەی دەزگا حزبی و ئەمنیەكانی حكومەتی عێراق بۆ دانیشتوانی شاری كەركوك تابزانن رێژەی كورد لەوشارەدا گەیشتۆتە چەند ،





پێ دەچیت لێپرسراوان رازی نەبوبن لە كەمی رێژەی عەرەب و زۆری رێژەی كورد لەوشارە سەرەرای گشت ئەو نەخشەوپلانە دارێژراوانە، بۆیە لەئەنجامی لێكۆلینەوەی بەردەوامدا هەر ماوەی جارێك نەخشە و پلانێكی تازە دادەرێژن دواترینیان نەخشەی گۆرینی ناسنامەی نەتەوەیی كوردەكانی دانیشتوی شاری كەركوك بەزۆرو لەژێر فشاری راگواستندا ، ئەم بریارەش بۆماوەی زیاد لەدووساڵە بەشێوەیەكی بەردەوام كاری پێدەكرێت نەك تەنها لەگەرەگەكان بەلكو لەگشت دام و دەزگاكانیش ،ئەو كوردەی نەتەوەی خۆی نەگۆرێ بۆ عەرەب لە فەرمانگەكان دەردەكرێن وماڵەكانیان رادەگوێزرێت بۆ شارەكانی هەرێمی كوردستان ، بێچكە لەوەش هەرلەماوەی ئەم دووساڵەدا حكومەتی عێراقی رێ خۆش كەربوە بۆ جێ بەجێ كردنی نەخشەی نیشتەجێ كردنی پەنابەرەفەلەستینیەكان لە شاری كەركوك ودەوروپشتی ،ئەوەی شایانی باسە حكومەتی عێراق بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم نەخشەیەشێوازێكی هێمنانەی گرتۆتەبەر و تا ئێستا دەیان خێزانی فەلەستینی لەوشارەو شارو شارۆچكەكانی تری وەك خانەقین و دوز...هتد نیشتەجێ كردوە .

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرە بیخەینەروو ئەوەیە كەگشت ئەم سیاسەت و نەخشەو پلانانەی حكومەتی عێراق لەماوەی زیاد لە (٣٠) ساڵی دەسەلأتیدا پەیرەوی دەكات بەلای لێپرسراوانی حكومەتی عێراق ئامانجی وەك پێویست نەپێكاوە ، دواترین سەرژمێر كەلەسەرتایی ساڵێ (٢٠٠٠) ئەنجامیان داوە رێژەی دانیشتوانی شاری كەركوك دەوروبەری بەگشتی بەم شێوەی خوارەوەبووە :—

| ژ | قەزا | ناحیە | شارنشین | لادێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کەرکوك | مەرکەز | ٤٦٩٦٥١ | ٤١٠٨ | ٤٧٣٧٥٩ |
| | | دبس | ١١٠٢٦ | ٢١٢١٩ | ٣٢٢٤٥ |
| | | تازە | ١٤٨٢٤ | ١١٧٧٢ | ٢٦٥٩٦ |
| | | کۆی گشتی | ٤٩٥٥٠١ | ٣٧٠٩٩ | ٥٣٢٦٠٠ |
| ٢ | حەویجە | مەرکەز | ٢٩٦٥٧ | ٧١٥٣٥ | ١٠١١٩٣ |
| | | ریاز | ٥٧٦٦ | ٣٦٧٨٨ | ٤٢٥٥٤ |
| | | عەباسی | ٤٤٦١ | ٢٥٩١٠ | ٣٠٣٧١ |
| | | کۆی گشتی | ٣٩٨٨٤ | ١٣٤٢٣٣ | ١٧٤١١٧ |
| ٣ | داقوق | مەرکەز | ٨٥٣٩ | ٣٤٥٦٨ | ٤٣١٠٧ |
| | | رەشاد | ١١٣٥ | ١٦٣٨٨ | ١٧٥٢٣ |
| | | کۆی گشتی | ٩٦٧٤ | ٥٠٩٥٦ | ٦٠٦٣٠ |
| ٤ | | ئالتون کوبری | ٩٣٣٦ | ١١٢٨ | ١٠٤٦٤ |
| کۆی گشتی | | | ٥٥٤٣٩٥ | ٢٢٣٤١٦ | ٧٧٧٨١١ |

بەگوێرەی دوا ئاماری پارێزگای کەرکوك کە لەناوەراستی مانگی نیسانی ٢٠٠٠/ دەزگا ئەمنی و حزبیەکان ئەنجامیان داوە رێژەی کورد لەناو شاری کەرکوك بەنسبەت عەرەب و نەتەوەکانی ترەوە پاش ئەو هەموو ساڵە لەراگواستن و بەعەرەب کردن و گرتن و کوشتنەو لێدابرانی قەزاو ناحیە کوردیەکان لە (٤٧٪)ـە و باقیەکەی پێك هاتەی نەتەوەو کەمەنەتەوەکانی ترە وەکو( عەرەب و تورکمان و ئەرمەن و ئاسوری) ، کەئەمەش مایەی





نیگەرانی لێپرسراوانە لەشاری کەرکوك لەبەر ئەوەی سێ بەشی دانشتوانی پارێزگای کەرکوك نیشتەجێ ی ناو شاری کەرکوکن ئەگەر ئەوانیش نیوەی کورد بن زۆر دەکات بەنسبەت پارێزگای کەرکوکەوە ، چونکە کاربەدەستانی حکومەت چاك دەزانن ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ئالتون کۆپری و تازە خورماتوو کوردن ئەمە بێجگە لەدبس کەژمارەیەکی کەم عەرەبی لێ نیشتە جێ یە ،لێپرسراوی لیژنەی کاروباری باکور ( ölŧøÎǁ ɉşűøĬ Ĝøłɛ ) لە کۆبونەوەیەکی لەگەل لیژنەی ئەمنی پارێزگای کەرکوك پێیانی راگەیاندوە دەبێت حسابی ئەوەش بکەن کەلەگەڵ ئەو رێژە کوردەی لەناوشاری کەرکوکدا هەیە هەموو داروبەردی ئەم شارە بۆنی کوردی لێدێت هەرلەگۆرستان و مەزارو شوێنەپیرۆزەکانەوە تا پێکهاتەی خانوەکانیش بۆیە دەبێت هەمووی بگۆرن تەنانەت لەکاتی تورەبونداوتویەتی ئەوەی وشەی (ك) پێوەیە لەژێر خاك و لەسەر خاکی ئەم شارە دەبێت نەمێنێت ،بۆیە لێرەوە ئێمەوەك کۆمەڵانی خەڵکی ئەم شارە داوا دەکەین لەنەتەوە یەکگرتوەکان ، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهان ، رێکخراوە خێر خوازو مرۆڤ دۆستەکان ، لایەنە سیاسیەکانی ناو وڵات و دەرەوەی وڵاتی کوردستان ، گشت ئەو رێکخراو گروپ و دەستەو کەسانەی لەپێناوی بەرگری کردن لەراگواستن و بەعەرەبکردنی شاری کەرکوك دروست بوون و کاردەکەن ، سەرجەم هەوڵ و توانایان بخەنەگر لەپێناو رێگا گرتن لە نەخشەو پیلانەکانی داهاتووی حکومەتی عێراقی دژ بەشاری کەرکوك ئەگینا دەرئەنجامەکەی زۆر خراپ دەبێت ، باگشتمان پێکەوە دەست بخەینە ناودەستی یەکتروچیمان پێ دەکرێت کەم تەرخەمی نەکەین ، خۆمان لەلەعنەتی مێژوو بپارێزن، مێژوو

ڕەحم بەكەس ناكات، پەنچەگازینی پەشیمانی دادی كەس نادات ، خەبات كردارە نەك قسە، بەتایبەت ڕێكخراوەكانی دەرەوەی وڵات با(مان بگرن) لەبەردەم سەفارەت یان مەكتەب یاقنسلیەكانی حكومەتی عێراق و نەتەوە یەكگرتوەكان لە هەركوێ هەن ، نارەزایی پێشكەش بەنەتەوەیەكگرتوەكان بكەن بالەمیدیاكان و ڕۆژنامەكانەوە ئەم سیاسەتە پاكتاوكردنە نەژادییەی حكومەتی عێراق دەرهەق بەكوردەكانی شاری كەركوك ریسواو شەرمەزار بكەن.

**بەشی یەكەم-كوردستانی نوێ : ٢٠٠٠/٨/٢٣**

**بەشی دووەم-كوردستانی نوێ : ٢٠٠٠/٨/٢٨**







كەركوك– بازاڕی جوت قاوە

## دووهەم : بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی پاكتاوی رەگەزی

## (٢)

## مەترسییەكانی كردنەوەی ئۆردوگای عەرەب نشین

